


# ئەو باڵندە فڕیوانەی

# کە

# زبڵن

جەبار جەمال غەریب



لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر
زنجیرە 9


ناوی کتێب: ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن/ ڕۆمان
نووسەر: جەبار جەمال غەریب
تایپ: عەبدولڕەحمان میران
نەخشەسازی ناوەڕۆك: سەید ئارام
نەخشەسازی بەرگ و گرافیك: باسم ڕەسام
چاپخانەی: ڕۆژهەڵات
تیراژ : 1000دانە
لە بەڕێوەبەرایەنی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (   )ی ساڵی 2011ی پێدراوە.

# ئەو باڵندە فڕیوانەی
# کە
# زبڵن








 یاقوو

 سەیفەدین دارتاش

 ئەوە منم مەرجان دڵ

 تسۆنامی

 بولبولی تەختە

 ماڵی عەزازیل

 دۆزەخ ماڵێکی بێ دایکە

 زۆڵ وەک گەچی دیوار

 دڵی دیوارەکان

 دەفری جادوویی



# یاقوو

مەرجاندڵ هەمیشە دەیپرسی بۆ ناوی ئەو هەم مەرجانەو هەم دڵ، بابی گوتبووی:

- لەبەرئەوەی تۆ مەرجانی دڵی.

ئەو پرسی بووی:

- بۆ مەرجانی دڵیش هەیە؟

دایکی گوتبووی:

مەرجانی دەریا.

ئەو دیسانەوە ڕووی لە هەردووکیان کردبوو پرسیبوویەوە:

- ئێوە مەرجانی دەریاتان دیوە؟

بابی گوتبووی:

- لەکەنار دەریاکان هەیە، ئەو باڵندانەی کە هەر هێندەی کۆتردەبن و لەسەر دەریا دەژین مرواری و بەردی بە نرخی دەریا قوتدەدەن و لە دڵیاندا دەبێتە مەرجان، ڕاوکەرەکانیش بۆ خاتری ئەو مەرجانانە باڵندەکان دەکوژن و مەرجانەکان لە سنگیان دەردێنن.

مەرجاندڵ نەیزانی بۆچی لەو ڕۆژەوە حەزی چووە بەخێوکردنی کۆتر، دەشێ هەر لەبەر ئەوەبێت کە باڵندەیەو دەفرێتە ئاسمان یان چونکە بابی گوتی باڵندەکانی سەر دەریا هێندەی کۆتردەبن، یان دەیویست پەیوەندییەکی لەگەڵ ئاسمان هەبێ، هەرچەند لەوڵاتەکەی ئەودا دەریا نەبوو کەچی هەر نەیتوانی چیرۆکی مەرجان و کۆترەکانی لە یەکتر جیاکاتەوە.

**سەرەڕای هەموو ئەوانە کۆترەکـانی هەمیـشە دەڕۆیـشتن‌و لـە مەرجاندڵ دوور دەکەوتنەوە کە دەشێ ڕۆژێ لە ڕۆژان لەبەر ئەو بکوژرێن.**

**هەشت ڕۆژبوو دوو کۆترە سپیە سنگ سـوورەکانی تێکـەڵ ڕەوە کۆترەکەی سەفا یاقوو ببوون، سەفا یاقوو تەنها دوو سـاڵ لەو گەورەتر بوو، بەڵام باڵابەرزو شان پـان‌و سـینگ ئەسـتوور بوو، مەرجاندڵ نەیدەوێرا هەروا سوك‌و ئاسان داوای ئەو جووتە کۆترەی بکاتەوە، دڵی بەوە ئـاوی دەخـواردەوە کـە لەسـەربانی خۆیانەوە دەیدی کۆترەکانی لەگەڵ کۆترە شامیەکانی سەفا لە قولایی ئاسمانێکی شـینی بـێ بـن یـەك لەسـەر یـەك تەقڵـە لێدەدەن. دواتر بەرگـەی نـەگرت‌و بڕیاریـدا بـە دزیـش بێـت کۆترەکانی بێنێتەوە. دەبـێ سـەر دیوارەکـە کـەوێ، هـەر کـە دەسـتی بـە لێـواری بلۆکەکانـەوە گـرت‌و سـەری تۆزێـك بەرزکردەوە، قژە درێـژو چـڵکنەکەی سـەفای دیـت بـا بـەرزی کردبۆوە. ترساو ویستی بگەڕێتەوە، چاوە قوڵەکانی سـەفا لـە جیاتی هەڕەشە نەرم‌و بێدەسەڵات هاتنە بەرچاوی، چی ببینێ؟**

سەفا کۆمەڵێك کۆتری تازە تروکاوی خستبۆ باوەشی کوڕەسپیکارەکەی مامۆستا ئیفلیجەکەی کۆڵانی ئەو دیوو و کوڕەکەشی لەسەر کۆشی نیوە رووتی خۆی دانابوو پێش ئەوەی مەرجاندڵ بتوانێ سەر بکێشێتەوە سەفا خێرا هەست پێدەکات وەدەڵێ :

- وەرە، هەر بۆ خۆم بە نیاز بووم کۆترەکانت بدەمەوە، ئەوە هاتبووم بیانگرمەوە.

مەرجاندڵ لەو دەنگە بێشەرمانەی سەفا یاقوو بێزی هەستاو دەستی لە لێواری دیوارەکە بەرداو پشتی تێکردن، سەفا خێرا خۆی هەڵدا خواریۆ مەرجاندڵ بێ ئەوەی ئاوڕی لێبداتەوە بەدەنگێکی لەرزۆك گوتی:

- من ئەو کۆترانەم ناوێتەوە، تازە کۆتر راناگرم.

سەفا وەك دڕندە هاتو سنگی مەرجاندڵی گرتوو بە دیوارەکەیداداو گوتی:

- سوێند بخۆ بڵی هیچم نەدیووە.

مەرجاندڵ ویستی هەرچی تفی ناودەمی هەیە کۆیکاتــەوەو لە دەموچاوی کات، بەڵام دەمی وشــك وشــك بــوو قــسەی بــۆ نــەدەکرا. بــێ ئــەوەی تفــی لێکــات هــەروا بــە دیوارەکــەوە هەڵوســرابوو، نــووکی پێڵاوەکــانی بــە ئاســتەم دەگەیــشتنە عەرزەکە، بەلرخەوە گوتی:

- بەرمدە هاوار دەکەم.


ســـەفا دەســـتەکانی شـــلکردو مەرجانـــدڵ پەشـــۆکاو تەنگەنەفەس پاڵی بە دیوارەکەوەدا، ئەو گوتی:

- ئەو منداڵە هــەروا هــاتبوو ســەیری بەچــکە کۆترەکــان کات، هەر ئەورۆ تروکاون خراپ تێنەگـەی هــا، مــن تــۆم بــە هاوڕێی خۆمداناوە.

مەرجاندڵ پشتی تێکردو گوتی:

- تۆ هاوڕێی من نیت.

- بڕۆ، من دەزانم ئەو لووتە حیزەت چۆن دەشکێنم



# سەيفەدينی دارتاش

ئەوە دوا دیداری نێوان مەرجاندڵو سەفا یاقوو بوو، تا ئەو ڕۆژەی دەرگای ماڵی مەرجاندڵ بە لێدانێکی توندلەریەوە. پیاوێکی درێژو رەقو ئێسقان پانو بێ رەنگ، بە دووچاوی تا دۆزەخ قووڵەوە، سەیری مەرجاندڵی کردو پرسی.

- ئێرە ماڵی...

کابرا قسەکەی تەواو نەکردو سەری بەرزکردەوەو روانیە ئاسمانی نزمو بێ مانا، ئەوەندە نزم کە دەبوو ئەو پیاوە پشت کوڕەکاتەوە تا سەری بەرینەکەوێ. مەرجاندڵیش لەو کاتەدا دەیڕوانییە جلە پڕگنجو فشو بۆرەکەیو پێڵاوە سپیە پەرۆکانی.

کابرا گوتی:

- بۆ ماڵی سەیفەدینی دارتاش دەگەڕێم.

مەرجاندڵ بەلەشو لارە باریکو چاو بە چاویلکەکانی، سەری داخستبوو لەبەر خۆیەوە گوتی:

- سەیفەدینی دارتاش! سەیفەدینی دارتاش کێیە؟

کابرا بەزمانێکی پانو سپیو وشکەوە، ماندووتر لەوەی بتوانێ بووەستێ لەسەرخۆ گوتی:

- منم. سەیفەدینی دارتاش منم!

لە کاتێکدا کابرا بێ ئومێدانە سەری سوڕاند بوو، سەیری کۆڵانەکەی دەکرد، مەرجاندڵ سەری لە پەڵەو گرێو سوتاویەکانی کابرا سوڕمابوو، ویستی بپرسێ

((چۆن ماڵی خۆتان پێنازانیەوە؟))

ویستی بپرسێ

((تۆ لەو ناوە دڵنیایی؟))

دیسانەوە دەیویست بزانێ بۆ ماڵی ئەوانو بۆ ئەو کۆڵانەی هەڵبژاردوە. کابرا لە پەنا دەرگاکە دانیشتوو پاکەتێکی بچووکی کیسی دەرهێنا، پێشتر لەو جۆرە جگەرەی نەدیتبوو. وەختێك قوومی لە جگەرەکەدەدا ئەولاولای روومەتی وەك زوڕناژەنەکان بە قووڵی رۆدەچوونو بە هەزاران گنجەوە دەهاتنەوە شوێنی خۆیان لەگەڵ هاتنە دەرەوەی دوکەڵە خەستەکە لە قوڕگی، هێمنو ئارام گوتی:

- سەیفەدینی مێردی گوڵەخانی خەیات.

مەرجاندڵ بە هەوای ئەو پرسی:

- دەمێکە ماڵی خۆتان لێ ون بووە؟

کابرا بێ ئەوەی بڕوانێتە مەرجاندڵ کە تا ئەو کاتــە لەبــەر دەرگاکەی خۆیان وەســتابوو، ســارد وەك سەرِســەرِ، بــە پەنجــە قەڵشیوەکانی لەسەرخۆ سووتی جگەرەکەی لاداو گوتی:

- یازدە ساڵو نۆ مانگو حەوت رۆژە.

مەرجاندڵ رِوانییــە جانتــا قوماشــە بۆرەکــەی رێبوارەکــە، هێمای فرۆکەیــەکی وەك ماســی بــەرِەنگی ســەوزێکی مــاتی لەسەر کێشرابوو.

هاتەوە ژووری پرسیار لە دایکی کات، دایکی لــە ناوەنــدی چێشتخانەکە کەوتبوو، دیاربوو لە کــاتی کەوتنــدا خــۆی لــە کەوتنەرەکە داوە، دەوریە گەورەکەی سێت کێکــە یابانیەکــەی بەردابۆوە.

مەرجاندڵ بیری لەو هەموو قاڵب کێکانە کردەوە کە لەگەڵ میوانەکان لەسەر ئەوقاپە خواردبوویــان. ئێــوارەی پــایزان لــە باخچە بچووکەکەیان دادەنیّــشتنو دایکــی بــە چــەقۆیەکی دەم باریك کێکەکەی قاش دەکرد. هەر ئەوکاتانــە هەســتی دەکــرد ئــەو باڵنــدە ملدرێژانــەی لەســەر دەوریەکــە نەخــشکرابوون

چاوەڕێی تەواوبوونی کێکەکەیان دەکرد تـا هەوایـەکی فێنـك هەڵمژن. ئەوتەیرە باریك‌و گەورانـە بەبۆیەیـەکی شـین‌و زەردو سور لەسەر قاپەکە کێشرابوون. ئەو دەوریە بە نـرخترین قـاپی ماڵەکەیان بوو، کە بەرببۆوە شکابوو، هـەر پارچـەی کـەوتبۆ شوێنێك. چەند باڵ‌و سەرێك‌و پنچکەگیایەك لەبن تەباخەکـەو هەندێ لەلاقـە درێـژەکانیان لـە بـەردەم دەرگاکـە لەناوەنـدی بازنەگەورە قاوەییەکەی سەر فەرەشـەکە کـەوتبوون. دەنـدوك‌و سنگی سووریان کەنـە تەمـەن‌و نەهـەڵمی کێکـەکان کـاڵی نەکرد بوونەوە لـە ژێـر کورسـیە تاقانەکـەی مەتبەخەکـەیان خۆیان ماتدابوو. لەلای سـەری دایکـی مەرجانـدڵیش وێنـەی ملەباریك‌و درێژو پەرەگیڤەکانیان کـەوتبوون، قـژە ڕەشـەکەی دایکی بەتەواوی داینە پۆشیبوون.

خوشکەکەی مەرجاندڵ ئاوی دەپرژاندە دەموچاوی دایکـی‌و پڕینچکی ئاوەکە دەکەوتنە سەر دەندوکی درێژی باڵندە پارچـە پارچە بووەکان. بەڵام دەندوکەکان هەستیان بە سـاردی ئاوەکـە نەدەکردو نە دەجووڵان.

مەرجانـدڵ تـەنها ئەوەنـدەی لـە دەسـت دەهـات کـە قـژە درێژکەی دایکی هـەڵگرێتو نـەهێڵێت لـە عەرزەکـە بخشێ وەختێك چەند دراوسێیەك هەڵیانگرتبوو تا بیخەنـە نـاو ئـەو تەکسیەی لە هاوار هاواری ئەوان لەبەردەرگا وەستابوو. کابرای ڕێبوار ئەوەی دەیگوت ناوی سەیفەدینی دارتاشـە، ئـەوەی لـە ژێر نزمی ئەو ئاسمانەدا پشتی کوڕە ببۆوە، ساردتر لـەوەی لـە چاوی مردوودا هەیە سەیری کۆڵانەکەی دەکرد.

کە بابی مەرجاندڵ گەیشتە نەخۆشخانە، دایکی تازە چاوی کردبـۆوە، ئـاوێکی ڕوون دڵـۆپ دڵـۆپ دەچـووە نـاو دەمـارە باریکەکانی دەستی چـەپی کەچـی ئـەو زەردتـر دەبـوو. بـابی هێواش دەستێکی خستەسەر ناوچاوانی، وەك لە تەزینی بترسێ خێراکێشایەوەو گوتی:

- گوڵەکەم ئەو گاڵتە قورسانەمان لەگەڵ مەکە. ئازابە بـا زوو بڕۆینەوە.

ئەو نـەجووڵاو خزمێکـی دووریـان کـە تـەنها لـە پرسـەو نەخۆشیدا دەیاندی لەودیو پەنجەرەکە بە ئیشارەتی پەنجە بانگی

باوكی كردو مەرجاندلّیش بیّ هەست دوای بابی كەوت گـوێی لێبوو كابرا بە هاشەهاش شتێكی تالّ تالّی بە بـابی دەگـوت. بابی مەرجاندلّ وەك دەمووچاوی پیاز بێـت تـویّ تـویّ ڕەنگـی بەردەدا. بایەك كە كەس نەیدەزانی لە كوێی ئەو ڕاڕەوەوە دێـت چین چین قژەكانی سپی دەكرد. لەبەر خۆیەوە بەدەنگێك كـەهی خۆی نەبوو وەك پرسیار بكات، گوتی:

- سەیفەدینی دارتاش!؟

كابرای خزمیان دەمی كردەوە شتێك بلّێت، خرمەیەك هات، وەك هەموو ددانـەكانی برژێنـە نـاودەمی بەزەحمـەت تفێكـی قووتـدا. بـۆ یەكـەمجار سـەرنجی دەسـتەكانی بـابی دا شۆڕشۆڕببوونەوە ئەوەنـدەیان نـەمابوو بگەنـە سـەر زەویەكـە. هەرگیز هەستی بەوەنەكردبوو چەرمی دەستەكانی ئەوەندە چرچ بن.



## ئەوە منم مەرجان دڵ

بابم بە هەواڵێك كە من هیچی لێ حاڵی نەبووم‌و ئەو خزمە بـۆن تەعزیـەمان پێیگـوت، وەك سـەركردەیەكی سـەربازی‌و لــەناكاو هــەموو لەشــی پێكرابــێ، وەك پەڕەیــەك بێــت نەشارەزایەك بە قەڵەمێك كون كونی كردبێت بە روویەك پڕ لە بـۆنی خیانـەت، بـا چـاوێك قـووڵ قـووڵ‌و ڕەش رەش لـەودیو

شوشەی پەنجەرە گەورەکەوە سەیرێکی داکمی کردو داکم بێ ئەوەی گوێی لە هیچ بووبێت هاوارێکی وەك ژهرەی کرد. بابم لە جیاتی ئەوەی وەك ئەوانی دیکە بە پەلە بۆ ژوورسەری داکم هەڵێ، بە قورسی کێوێکەوە لەسەر کورسیە لاق باریکە شلۆقە شینەکە دانیشت. دکتۆرەکان رژابوونە سەر لاشەی بێهوشی دایکمو بە ئامێرە ساردو ستیلەکانیان لێدانی دڵو فشاری خوێنیان دەگرت. من لەو کاتەوەی دایکم لەناو شوشە شکاوەکانی ماڵێ کەوتبوو میزێکی توونەدم دەهات، لەگەڵ هاوارێکی دایکمو راکەراکەی دکتۆرەکان چەند دڵۆپێکم بە خۆمدا کردو دواتر کە بە پەلە چوومە ئاودەستەکان چەندم هەوڵدا نەمتوانی هیچی دیکە بکەم. هاتمەدەرو بەرەو ژوورەکەی دایکم گەڕامەوە. لەڕاڕەوەکە گوێم لەدەنگی تاڵ تاڵی بابم بوو، ئاوڕم دایەوە لەبەر دەرگای سەرەکی خزمە بۆ تەعزیەکەمان دەستی باوکمی گرتبوو، دەیگوت:

- بۆ کوێ دەچی ئێستا نایدۆزیتەوە.

بابم بێ ئــەوەی وەڵامــی داتــەوە تەماشــایەکی منــی کــرد، تەماشاکردنێکی دوورو غەریب. وەك ئــەوەی بەرێکــەوت لــەو شوێنە تووشی مــن بــووبێ، وەك رەشــەبا هــەڵیکردبێ، منــی بردەوە پەنا داکمو ئەویش بە هەورێك لە گومانو ئاڵۆزیەوە بێ هۆ بۆ دەرەوەی نەخۆرشخانەکە. دایکم چاوەکانی کردبوونــەوە. سەیری منی کرد، وەك دەستی منی لە دەستدابێ بــە ئاســتەم دەستەکانی خۆی نوقاندن، چاوەکانی پڕ پڕ بوون لــە ئــاو، وەك ژنێــك فرێندرابێتــە نــاو شــەپۆلی دەریــاوەو لەگــەڵ هــەموو هەناسەیەك زیــاتر دوورکەوێتــەوەو بــە چــاوێکی پــڕ حــوزنو حەسرەت بۆ منداڵەکانی بڕوانێ، ئاوا لــە گــەرداودا بــۆ منــی روانی.

ئەو شەوە منیان ناردەوەماڵێ، بابم لە تاریکی حەوشەکەدا لە ســەر لێــواری قەرەوێڵــە ئاســنەکە دانیــشتبوو کــە ژەنــگ دایپۆشیبوو. قژە دێزەکەی بەسەر نێوچاوانە زەقەکەیــدا هــاتبۆ خوار، مات مات سەیری منی کردو قسەی نەکرد، لە داکمــی نەپرسیو هەناسەشــی نــەدا. مــن نــاوی بــاپیرم بــاش نــازانم،

زۆرکەمیش خزمێکی بابم دیوە، ئەو شەو تەواو وەك کائینێکی تاك‌و تەنها، تا هەزارو یەك شەو تەنها، تەنها وەك پارچە ئاسنێك کە نەلێوارێکی هەبێت‌و نە کۆدێکی بزانی بۆ کردنەوە، پارچە ئاسنێك ئۆکسجین نەتوانێ بکەوێتە سەری. منیش لەو ئاسن‌و بەردتر گڵۆپەکەم هەڵنەکردو هەروا لە لێواری تاریکی حەوشەکەدا دانیشتم. بابم لە شوێنەکەی خۆی هەستاو وەك لافاوێك نیگەرانی‌و تاعونی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبێ بەلامدا تێپەڕی.

پێش ئەوەی بەرەو ژوورەوە تەواو لەمن دوورکەوێتەوە سەری پەنجەکانی گەیاندە سەرم‌و وەك رمی لە کانزای یاساولێك بە ئاستەم لە سەرمی وەردان. چووە ژووریّ‌و ئەویش گڵۆپەکانی هەڵنەکردن لە تاریکی ماڵەکەدا ون بوو. هەستمکرد گوێم لە هەناسە قورسەکانیەتی کە دیوارو ژوورە تاریکەکانی لەگەڵ دەجولان. هەر جارەو باقەیەکی گەورە، هێندەی هەورێك لە هەوای تووندو رەشی لە دەرگای کراوەی مەتبەخەوە دەکردە

دەرێ. دەنگی هەناسە قورسەکانی تەواوی ماڵەکەی گرتبوّوە. دەنگی پێکدادانی دەیان شمشێر لە تاریکیەکەوە دەهات.

هەناسەیەکی قورستر لەوەی بابم لەو دیو دەرگای حەوشەوە وەستا. دەنگی ماتی پێلاّوەکانی. من هەروا لەسەر زەویەکە دانیشت بووم، روانیمە دوو گوڵی سپی لە نەمانی هەتاو سەریان وەك من کزکردوە. ئەو لەودیو دەرگای حەوشە وەستابوو. لە دەرگا نادات و بێ ئەوەی سەر بەرزکەمەوە دەزانم دەستی دەلەرزێ، بەڵاّم نازانم ئەو جارەیان کێیە ماڵی خۆی ونکردوە.


دووگوڵەکە ئەوەندە شۆڕببوونە لەناوەندی باڵاّیان سەریان بەریەك کەوتبوو. ئەو هەر لەوێ لەودیو دەرگا وەستاوە. وجودی ئینسان وەك دێوو جنۆکەو بوّق و گامێش نیە هەرگیز ناشاردرێتەوە. بۆنی سووتانی تووتن هات و دوکەڵی سپی جگەرەکەی لەسەر دەرگاکەمانەوە بەرزبۆوە. من هەروا دەنوارِمە دووگوڵە مێخەکە سەرکزەکە. کە وردە وردە سەرە قورسەکانیان شۆڕتر دەبۆوە.

بۆنی قورسی بابم نزیکتربۆوە، هەناسە توندەکانی وەك ئاگر بەر شووشەی پەنجەرەی ژوورەکە دەکەوتن. دیار بوو گەیشتۆتە لای پەنجەرەکەو لەودیو شووشەکەوە وەستاوە زانیم دوکەڵی سپی سەر دەرگای حەوشەی دیووە، بابم‌و کابرای ئەودیو دەرگای حەوشە سەریان قورس ببوو هەروەك گوڵەمێخەکەکان شۆڕ ببوونەوەو خەریك بوو دەگەیشتە بەرپێیان.

ئەو جارێکی دیکە دەستی بەرزکردەوە دەنگ لە دەرگا بێنێ، باوکێشم دەمی کردەوە تابڵێ دەرگاکە بکەوە. ئەو لە هەوادا دەستی وەستابو ئەویش هەوای ناو قورگی قوتدایەوە. بایەك سەری هەردوو گوڵەمیخەکەکەی بە زەویەکەدادا. گوڵەکان بۆنی خورمای ترشاویان لێدەهات.

من هەستام‌و چووم دەرگای حەوشەم کردەوە، کابرای نیوەڕۆ بە قەڵافەتێکی خوارو خێچەوە زۆر بەهێمنی وەستابوو. تەواو وەك ئەو قامیشە گڕوێیانەی دوای وشك بوونی گۆمێك سەر سەختی دەکەن‌و لە کەلێنی قەڵشی زەویەکی شەقار شەقار بوو دەمێننەوە. ساردتر لە سەهۆڵ‌و زەوقمی سەرگۆڕەکان سەیری

کردم. بەچاوە بچووكو رۆچووەکانی قووڵ قــووڵ ســەیری کــردم. روانینێك تا مەرگ قووڵ. ئەو زوقمە بۆمن دەگوازرایــەوە. وردە وردە ساردو ساردتر دەبووم، وەك کرمێك یان پەڕەسـێلکەیەکی تەڕی جێماو دەکەوتمە ناو قالبە سەهۆلێك هــەر ئێستا لــەناو ئەمۆنیایان هێنابێتەدەر، ئەو لەو دیو سەنگەرەکانی مەرگــەوە رەحمی پێکردمو تۆزێك چاوە ساردەکانی لادا. کە لە تەلیسمی تەزیوو هیچو پوچی چاوەکانی رزگار بووم، شل بووم ئەو میزەی دەمێك بوو گیری خواردبوو بەلاقە باریکەکانمدا هاتــە خــوارێو جۆگەلەی بەست. ئەو، سەدان چـینی خـەمو خەفـەت لەســەر دەموچاوی کەڵەکەببوو، چاوەڕوێی زەردەخەنە یان خۆشحاڵییەك لەولووتە هەڵوێیو چاوە تا خوا حەزکات بچووکانەی نــەدەکرا، خێرا سەرنجم لاداو نیگام کەوتە سەر پشتە کوڕە لە ناکاوەکەی، پــشتی وەك هێڵــی شــکاوەی سێگۆشــەی تیــژ نــووکێکی وەك خەنجەری لە چاکەتەکەی کردبوو.



# تسۆنامی

که ئەو هاتە ژووریٚ بابم پیٚشی کەوت بۆ ژوورەکەی پشتەوە. دەرگاکەی لە دواوە داخست. من هەموو عـەقڵم کـەوتبۆ سـەر ئەو ساردابییەی بەرانەکانمدا هاتە خواریٚ. ئیٚـستا خـەریك بـوو وشك دەبۆوەو بـۆنیٚکی وەك تیٚزابـیٚ دەکـردە لووتمـەوە. سـەرەتا ژوورەکە کپ کپ بوو وەك دڵی مـردوو. ئـەوان تـەواو وەك دوو

گورچـــیلەی وشـــکەوەبووی نـــاو هـــەناوی مردوویـــەك ســـەریان بەرانبەر یەکتر شۆڕ کردبۆوە.

من بۆ ئەوە داکم بەجێهێشتبوو تا بێمەوە ماڵو دەرسـەکانم بخوێنم. بەیانی تاقیکردنەوەی جۆگرافیامان هەبوو. نەمدەتوانی لەو ماڵە یەکپارچە ژەهرەدا نەخشەی هێڵەکانی ئاسن لە نێوان شارو وڵاتاندا لەبەرکەم. ئیدی کێ دەتوانێ ژمارەی دانیشتوانو ڕێژەی لەدایك بوون بخوێنێتەوە.

ژووره هەرەکپەکەی ماڵمان بەدەنگ هات. سـەرەتا سـرتەی ئەو گۆڕەستانانەی کە مێشولەیان تێدا ناژێ. ئـەو سـەری کـز کردبوو دەگریا. کوڕیەکەی زۆرتێـژو زەق ببـۆوە. بـابم هـەردوو دەســـتەکانی وەك مـــست گرێـــدا بـــوون، بـــێ دەنـــگ، وەك جادووگەرێك گێژەلۆوکەی تسۆنامی لە پێستی ئەو کردبێو لە قوڕگیەوە گرێیدابێ. من دەزانم پێستی بابم تاکـە پێـستە کـە دەکرێ گێژەلۆوکەی ترۆنادۆشی لەناودا بەندەکەی. ئەو دەگریا، بێ دەنگو هاوار، تەنها بەلافاوێك فرمێسکەوە، مـن لـەودیو

دەرگاو پەنجەرەکانەوە دەمدی لووتە قولاپەکەی لە فرمێسکدا ون بووە.

بابم چەند جارێك، لەو گریانەدا، بە هەموو هێزی خۆی مستی لە دەسکی کورسیەکەی ژێر خۆی دا. پەنجەکانی دەخستە ناو قژە زبرو ئەستوور و بۆرەکەی خۆیەوە. گریانەکەی ئەو بووە چەند نووزەیەكو دواتر چەند دەنگێکی باریکتر لەداوی جاڵجاڵۆکە.

من دەترسم، پێی ئەو پیاوە چی دێنێتە ماڵی ئێمە، ئەو گریانە بۆگەنە بۆ دەبێ لە ماڵی ئێمەو لەکاتی نەخۆشی دایکمدا هەڵڕژێ. خودایە ئەو گەردەلوولەی لە ناخی باوکمدا بەندتکردوە ئازادی نەکەی. با هەر لەوێ لە کێشوەرە دوورەکان روودات، ئەو ماڵەی ئێمە بەرگەی یەك شەپۆلی ناگرێت.

بابم هاوارێکی توندی کرد، کپی ژوورەکە وەك شووشەو قاپەکانی دایکم بەریدانەوە، هاڕیەکی هاتو پارچە پارچە بوو، کپی سەرتاپا ڕەشی ژوورەکە وەك دەیان باڵندەی سەربڕاو کەوتە سەر کاشیە زەردەو کۆنەکانی ژوورەکە. هیچ لە وشەکانیان

نەگەیشتم شتێك وەك رابردوو بێ بایەخ، وەك سامانێکی بۆگەن کردووی بەسەرچوو. وەك ناوبانگێکی پڕ حەیاچووە، باسی شتێك وەك دایکمیان دەکرد. ئەوەندە بەسەرچوو بوو وەك نەخشەی ئەو رادیۆ کۆنانەی هیچ وەستایەك ناتوانێ دەسکاریان کات.

ئەو گوتی: ئێران

بابم گوتی: دۆزەخ.

لەگەڵ وشەی ئێران لە دەمی کابرای پشت کوڕ جۆگەلەیەك لە لیتاوی رەش لەبن دەرگای ژووره هەرەکپەکەی ماڵمان هاتەدەرێ. دەیان ساڵی مردوو، هەزاران گوڵی رزیوو، ملیۆنان بیرەوەری تۆپیوو قوڵپ قوڵپ لەبن کاشییە زەردە رزیوەکانەوە دەهاتنەدەرێ. چرکەو سەعاتەکان وەك ئەو کرمانەی گۆشتی مردوو یان یەکتر دەخۆن هەڵدەورین. دەیگوت بێگومان هەر کابرا :

- ئێران واتا لێدانو تف لەناو چاو کردن، ئێران واتا ژێرزەمینێکی سەدو پەنجا سانتیمەتر بەرز.ئێران واتا نسرم و سەرماو رەقبوونەوە.

ئێران بۆ ئەو پیاوە پشتێکی کورِ بوو چونکە بە قسەی خۆی هەموو ئەو سەدان رۆژو هەزاران سەعاتە بۆ چرکەیەکیش ئەو نەیتوانیوە بالآبەرزەکەی خۆی کە سەدو هەشتاو نۆ سانتیمەتر بووە راستکاتەوە کە هیچ نەبێ بۆ ئەو ئێران واتا نوێژکردن لەسەر رێرەوی شیعە، گریان، دیسانەوە گریان، دووبارەگریان بۆ حوسەین. واتا خوساندنی نانو سەموونی رەق، ئەسپێی ئەسپ ئاساو جلی کۆن کۆنو ئێران واتا کونێکی بچووك بۆ هەوا کێشان ئەویش لەبن میچدا...

بابم هاواریکرد ،.. من کەوتمە سەر عەرزەکە، گەردەلوولی تسۆنامی دەیان کیلۆمەتر پێش خۆی دار لە بێخەوە هەڵدەکەنیٚو خانوو بە هەوادا دەبا.

ئەو هەر ئێران ئێرانی بوو، شەرِ، دیلو زیندانی، فەرمانە رۆتینو پر رِشانەوەکانی بە سیجەکان، تفی رەشی ئەو ژنانەی

مێردەکانیان لە شەڕ کوژرابوون، چاخواردنەوە بەکلۆشەکرو دەدان رزین.

ئەو لەوەڵامی پرسیارێکی نەکراوی بابمدا، گوتی:

- نەبوو، هیچ نەبوو، نامە قەدەغەبوو، هاتنەدەر قەدەغەبوو، هیچ نەبوو، لەو ژێرزەمینەدا نوێژەکانمان بەتەیەموم دەکردن.

بابم دیسانەوە بەهێمنی کێژەڵووکەکانی تۆڕنادۆوە کە سیحربازێك خستبێتیە تورەکەیەکەوەو سەرەکەی توونند بەستبێ‌و ئەو توورەکەش پێستی بابم بێ، گوتی:

- شەڕمان لێ لادە، بۆ شوێنێکی هەڵە هاتووی، سەیفەدینی دارتاش نیت، ئەو پیاوێکی باڵابەرزی، چاوشینی، قژ زەردبوو تۆش سیسێکی پشت کوڕی، چاو پڕوشاوی قژ ژەهری ماری. لە چ دۆزەخێکەوە هاتووی بڕۆوە ئەوێ.

ئەو سەیری ئەو وێنەیەی خۆی دەکرد بابم لە هەوادا بە وشە بۆی کێشابوو. سەری پوچ‌و بەتاڵی بە قورسی کێوێکەوە

بەردایەوە سەر سنگی، پێش ئەوەی کپـی ژوورەکـە وێرانکـات گوتی:

- دیل خاوەنی خۆی نیـە. زینـدانی هـەموو شـتێکی هـی خەڵکانی دیکەیە، من نـازانم چـاوەکانم کـێ بردوویـەتی، نـا، نازانم سەرم چ سندانێك لێیداوە، من یازدە ساڵ لە ژوورێکـدا، لە تەویلەیەکدا ژیام کـە کـەس نـاتوانێ سـەری خـۆی تێـدا بەرزکاتەوە. ئێران واتـا ئاسمانێـك کـە کـەس نـاتوانێ سـەری بڵێندکات ولووتی بەرینەکەوێت. ئەو هۆڵە تەنها سەدو پـەنجا سـانتیمەتر بـەرزبوو. مـن یـازدە سـاڵی ڕێـك دەبـوو خـۆم کوڕەکەمەوە تا سەرم بە ساپیتەکەی نەکەوێ، لە من مەپرسـە باڵایەکەم چی لێهات. لە جمهوری ئیسلامی بپرسە، لە ئایەتو خودایەکەیان بپرسە. لـە عەقیـدەو بیروباوەڕەکـەیان بپرسـە. لەناوەوە سەد هێندە، هەزار هێندە رووخاوم. دەیـان جـار لـەبێ ئاوی میزی هاوڕێکانم خواردۆتەوە. من هەموو ئەو ماوەیـە لـە زیندانێکدا ژیاوم کە دوازدە مەتری ڕێك لـە ژێـر زەوییەوەیـە. ئەو زیندانە نە لە دەفتەری مـافی مـرۆڤ و نـە لـە دەفتـەری

نەتەوەیەکگرتووەکانو نە لەدەفتەری یەزداندا نییە. دەیان جار مشکە گەورەو چاو زەقەکانو جرجە پشیلەکان گازیان لێگرتوومو وایانزانیوە مردووم. بە زیندووی گۆشتی رانو سمتی خۆم بەدەم جرجە گەورەکانەوە دیوە.

باوکم هێمنتر، هێمنیەکی تاڵ تاڵو پڕ ژەهر گوتی:

- هەموو ئەو شتانەی باسیان دەکەی راستن. تۆ تائێستا بۆنی مشكو جرجو زێراب لە خوێنت دێت. بۆن مێزو شێرپەنجە لەدەنگت دێت. ئەوەی هەڵەیە هاتننتە بۆ ئێرە. نەدەبوو لەو دەرگایە دەی، نەدەبوو تێزابێك لە ناختدایە لێرە بیرێژی. تۆ تەنها ناوی سەیفەدینی دارتاشت بیستووە. دەشێ هاوڕێی بووبی، هاوڕێ نا، دەشێ لە سەنگەرێکدا بووبن. بەیەکەوە راوەسەگتان کردبێ، کرمو مارمێلکەتان خواردبێ. بە قومە ئاوێك هەموو نهێنیەکانیت زانیبێت. دواتر سەیفەدینی دڵساف کوژرابێ، یان هەر بۆ خۆت بۆ دروستکردنی ئەم فیلمە کوشتبێتت.

ئەو گریا دیسانەوە رەشاوێك وەك لێتەی خـوێنو ئاودەسـتی گیراو لە ژێر دەرگاکەوە هاتە دەرێ. رشاوی شەڕو بـۆنی دەیـان تەرمی بەرهەتاو، سەدان لاقو دەستی رزیووی بەجێماو، بـۆنی تەپوتۆزی تێکەڵ بـە بـاروتو بـۆنی ئینـسانی سـەرگەردانو بێکەس. بۆنی غوربەت، غوربەتی ئـەو سـەربازە دەسـتو پـێ سـپیانەی هـەرگیز شـەڕیان نـەدیبوو، هەڵـدەهاتنو لـەدواوە هاوڕێکانیان سنگو پشتی تەنکیان دەدانە بەر گولەو دەبوونە کوژراوی خیانەتکار، ئەو لیتاوی تاعونـەی لـەژێر دەرگاکـەوە دەهاتە دەرێ نەك ماڵێك شارێك کـاس دەکـات. بـۆنی تـرس، ترسی کەسانێك هەتا بۆ خوشیان نەمانیان بۆ باشتر بێـت لـە ژیان.

ئـەو گریـا، بـەدەنگی ئـەو مردوانـەی بیابـان گریـا، کـە بەجێماونو سەگو گـورگ سـەرەتا جـەرگو دڵـە پـڕ ئومێـدە زەردەکانو گورچیلەکانیان خواردبن، دواتر داڵەکەر خۆرەکـان، چەقەڵە برسیەکان رانو دەستو سمـتو هێلکـەی گونـەکانیان لـستبنەوە. زۆر دواتـر ئـەو تـەیرە رەنگـاو رەنگـە برسـیانەی

عەشقەکان دەیانکەن بە نیشانەی ئەڤین و وەفا بەدەندوکە باریکەکانیان چاوەکانیان کۆڵیبنەوە، مشکە هەرە بچووك و هارو هاجەکان نێوان پەراسوەکان و کەللە سەرەکانیان کردبنە هێلانە. ئەو بەدەنگی ئەو مردوانە گریا کە هەتا ئێستا ساڵی جارێك و بۆ ماوەی تەنها یەك هەفتە باران ئەوتەپو تۆزە وردو زبرەیان لەسەر پەیکەرە ئێسکەکانیان لادەدا کە بیابان لە سەریان کەڵەکە دەکات.

ئەو پیاوە پشت کوڕەی هیچی خۆی پێنەماوە، هەتا دەنگیشی، بەدەنگی ئەو پەیکەرە ئێسکەی ئیدی هیچ گیاندارێك کاری پێنەماوە، ئەوەندە وشك بۆتەوە تامی تەرم نادات، گوتی:

- تۆ راست دەکەیت، سەیفەدینی دارتاش مردوە، مردوەو میراتی دابەشکراوە. ئەو خوێن و گۆشت و هێزی بەسەر بەردودارو گوندەکانی ئەم وڵاتەدا دابەشکرد. ئەو راستەوخۆ لە شوێنێك نەمرد، ورد وردە مرد. خوێندن و دەفتەر بەشی خۆیان و زیلە ئێسك گران و دەنگ گڕەکان بەشی خۆیان لە

خوێن‌و گۆشتی برد. سەنگەرو تەدریب‌و خۆشاردنەوەو غەریبی زۆرترین بەشیان برد. بڵێم چی جەللادەکانم لە ئێران ئەوەنــدەی پێویست غیرەتیان نەبوو وەك دارکونکەرە دڵیــان کــون کــردم‌و وەك تێزاب رەنگی قژو چاویان بــردم‌و وەك مۆرانــە تەمــەنیان پێچامەوە، وەك چەقڵ و کەمتیار بــە زینــدووی کــەوڵیانکردم ئەوەندە غیرەتەیان نەبوو وەك پڵینگ لەت لەتم کەن و بمکــوژن وەك پەیکەرێکی شێواوی خیانــەتکارێك هێــشتیانمەوە تــا بــۆ رەزاڵەت بێمەوە بەردەمتان.

بابم هێشتا مەستی تەلیسمی سیحربازەکە بوو، وەك بــەڵای شێتێك لە کۆڵ خۆی کاتەوە بە هێمنی گوتی:

- دەشێ تۆ قسەی زیاترت هەبێت، زۆرت چێشتبێ، ئەوەش دەزانی کە سەیفەدینی رەحمەتی لەتۆ نەدەچــوو، ئــەو ســنوورو شوێنی خۆی دەزانی، خەڵکی لێ تێك نەدەچوو، نەدەچووە ســەر ماڵی کەس، راستە درەنگ، بەڵام مەیتەکەیمان هێنایەوە ئێرەو بە ئامادەبوونی هەموو خزممان ناشتمان. ئیدی تۆ دەبــێ بزانــی

من تائێستا عەقڵم لە شوێنی خۆیەتی‌و تۆش لەچ دۆزەخێکەوە هاتووی بڕۆوە ئەوێ.

ئەو لەوەختێکدا سەری نزمکردبۆوە، چاوە قووڵ‌و تاریکەکانی بەرزکردنەوەو پرسی:

- تۆ، بۆ خۆت، مەیتی منت دیوە؟

بابم لەوپەڕی بێ حەوسەڵەییدا، وەك ئەوەی گۆزەیەکی سەر ئاگربێت‌و لە هەموو لایەکەوە تەقیبێت، هاواریکرد:

- تائێرەو بەس، خۆڵەمێشی مردووی ژیانی خۆت بەسەر ئێمەدا مەکە، تۆ عەقڵت، سەیفەدینی گۆڕ بەگۆڕی هاوڕێشت نیوەی جەستەی لەدەستدابوو، ئەوە تەمەنێکەو تەواو، جارێکی دیکە بەو ماڵەدا نەیەوە هەموومانت نەخۆشکرد هەی تاعون.

بابم هەستاو دەسکی دەرگاکەی بادا، من خێرا چوومە چێشتخانەکەو گلۆپەکەم پێکرد کابرای پشت کوڕە کە تەنها لە ڕۆیشتنندا کوڕ دەبۆوە بە پیریەتیەکی لە ئەنداز بەدەرەوە هاتە دەرێ‌و وەك دوژمنێك نەتوانێ خەنجەری چەقیوی سنگی خۆی بێنێتەدەرێ‌و بەوپەڕی حەسرەت‌و نهێنییەوە سەیری

خەنیمەکەی بکات ئاوا روانییە من. ئەو پیاوە بەخاکە نـازێکی هێندەی منارەیەك گەورە دەیەوێت خۆڵەمێشی ژێـر ئـاگرێکی خامۆش هەڵداتەوە. لەبەر تیشکی گلۆپەکە چـاوی بـە پارچـە دەوریە شکاوەکان کەوت, پارچەی ئەو دەوریە قەدیمانەی دایکم لە کاتی بورانەوەکەیدا بەریدابوونەوە. باڵنـدەو چـناری بـەرزو رووبـاری بـەبریقو بـەردی کـەنار دەریـا. ئەوەنـدەی تـوانی پارچەکانی کۆکردنەوەو یەکەیەکە لە باخـەڵی چـاکەتە بـۆرو شۆڕبووەکەی دەنان.

وەك لە شارێکدا هەر هەمووی سوتابێ‌و وێـران بـوو بێـت، ئینسانەکانی لەناو چووبن‌و خانووەکـانی تـەپیبن، تـەنها ئـەو چەند پارچە شووشانەی مابێت، نـەرم‌و ئـارام هەڵدەگرتنـەوەو وەك ئاشنایەکی کۆن‌و بەقەدەر دەیخستنە گیرفانیـەوە. وەك ئـەو هەرایە لەگەڵ ئەو نەبووبێ، وەك ئەو دەرنـەکرابێ، لـە پارچـە شووشـە شـکاوەکان ورد دەبـۆوە. یەکەیەکـە سـەیری سـەری باڵندەکان‌و دەندوکـە پانـەکانی دەکـردن، دەسـتی بـە سـوری پەڕەگڤەکانی بەرسنگیاندا دێنا، زۆر دوور لە ژێر پێستی پـیرو

ئەســـتووری دەســـتیەوە گەنجیەتیـــەك وەك كلكـــی قرتـــاوی مارمێلكەیەك دەجولا. بە وردی دەیڕوانیــە لاقــە درێــژو پێیــە ئاویەكانی باڵندەكە. بۆ یەكەمجار سورایی لاقەكانی باڵندەكــە، رەنگـــی ئـــاڵی بەرســـنگی وەك بۆیـــەو رەنـــگو فلـــچەكاری هونەرمەندێك نەهاتە بەرچاوم، بەڵكو زۆر روونو دیاربوو كــە خوێنێكی تازە هێزی داوەتیٚ جـــافڕیوە. ئێـــستا دەمـــدی تنۆكە خوێنەكە كەوتبۆ نێو ئەو فەزایـەی باڵندەكـەش تێیـدا دەفڕی.

من دیتم نازانم ئەو پیاوە نامۆو هەر حەسرەتو خەمە دیتی یان نا. دیتم باڵندە مل درێژەكە بەولاقە خوێناویانەوە دەفڕێـت بەرەو خۆرێـك لەلاقـەكانی سـوورتر. بـەڵام ئـەو خـۆرە پـێش گەیشتنی ئەو ئاوا دەبێت.

بـابم تـا ئەوكاتــە وەك درندە ســەیری ئــەو پیــاوە ســەیرو سەمەرەی دەكرد دەیویست هەر بە چاوەكانی پشتە كۆمەكـەی كون كون كاتو لـەتو پـەتی كـاتو پارچـە پارچـە لەگـەڵ شووشــە شــكاوەكان بیانخاتــە نــاو تەنەكــەی خۆڵەكــەوە. وەك

زەردەواڵەیەك دەیدیت كە هاتۆتە ژووری پەپوولەكانەوە. ئارامی نەمابوو. بابم لە شەوق‌و كەیفی پارچە شووشە كۆكردنــەوەی كابرا دەهــری بــوو بــوو. وەختێــك ئــەو دەیویــست دوا پارچــە هەڵگرێتەوە، ئەو پارچەیە ناوەندی قاپەكــە بــوو. لــە هــەموو پارچەكانی دیكە گەورەتر دیار بوو. سنگی باڵندەكە كە هــەوا پەڕەكانی بڵاوكردبۆوەو لە پشتیەوە ریزەدارێكی سەوز بەگــەڵای پانەوە دەركەوتبوون، خوارتر ئەو ریــزە دارە قــەدو رەگــەكانیان رۆچووبوونە ناو خاكی كەنار رووبارێكی شین‌و روون‌و خاوێن كە لە قوڵایشەوە بەردە لووسەكانی ژێرەوەی دیاربوون. ئێــستا ئــەو دارانــە بــەو گــەڵاپان‌و ســەوزانەوە هــەواڵێكیان لــەوە نیــە لەناوەندەوە قرتاون. ئێستا ئەو دارانە لە ناوەنــدەوە بڕابوونــەوەو ئاوێك لە ژێریان نەمابوو لە مردن بیانپارێزێ.

بابم وەك شــێت‌و لــە پــڕ پێیــەكانی خــستە ســەر دەســتی، ئەوكاتە دەستی  بۆ بەرد، بەردی تەواو گۆڕابوو. ئەوەش كاتێك كابرا دەستی راكێشابوو ئــەو دارا بڕوانــەو ســنگی پــەڕ پــەڕو گێڤ‌و پڕ هەوای باڵندەكان هەڵگرێتــەوە، لێــواری شووشــەكە

تەواو کۆتایی گەڵایەکیش بوو بەدەستی کابرادا چوو. چەند دڵۆپە خوێنێکی مۆر رژانە سەر بازنەیەکی قاوەی فەڕشی ژووری مەتبەخەکە. قاوییە کاڵەکە خوێنەکەی مژی. نە بابم و نە کابرا هەستیان بەو خوێن رژانە نەکردو تەنها من زانیم ئەو پیاوە بەراستی زیندووەو خوێن بە رەنگی مۆریش بێت بەدەمارەکانیدا دێت و دەچێت.

من حەزم لێبوو ئەو دڵۆپە مۆرانە بکەونە سەر بازنە سپییەکانی فەڕشەکە با خوێنەکە مۆریش بێت، بەڵام لەسەر خوریە سپییەکەی فەڕەشەکە دەدرەوشایەو با دایکیشم لەسەر پیس بوونی فەڕەشەکە جارێکی دیکە ببورابایەوە.

لەوەختێکدا بابم پێیە زەردەکانی زیاتر لەسەر دەستەکانی قورس دەکرد، گوڕاندی:

- تۆ بۆت نیە هەتا زبڵی ماڵەکەشم فڕێدەی.

ئەو بێ ئەوەی رژانی خوێنە مۆرەکەی کاری تێکردبێ، یان زیندان ژیانی لە بیر بردبێتەوە، گوتی:

- تەنها تۆ ئەو باڵندە فڕیوانە بە زبڵ تێدەگەی.

ئەو قسەیە سەرەتای کردنەوەی سەری ئەو تورەکەیە بوو کە سیحر بازێك گەردەلوولی تۆرنادۆی تێدا بەندکردبوو. بێگومان ئەو تورەکەیە پێستی بابم بوو، کە پێشتر نۆ کونی تێدا بوو، بەڵام ئەمڕۆ هەر نۆکونەکە لەو شڵەژانە لەناوکاوەی ئەو ئەژدیها دارتاشە هێنای قەپات قەپات ببوون. بۆیە بابم بە هەموو هێزی لاقی بەرزکردەوە تا دەستەکانی بهارێ یان هیچ نەبێ وەك شووشەکان وردی کات، بەڵام ئەو گورگە تۆفان دیوە بە چاوتروکانێك سینگە پەڕپەڕو دارە بڕواوەکانی سەر شووشە شکاوەکەی هەڵگرتنەوەو خستیە گیرفانە تاریکەکانیەوە. بابیشم تەنها توانی خوێنەمۆرە بۆن مەنجەنیقەکەی بەسەر فەرشەکەوە بوو پانکاتەوە. رەنگێکی مۆری کاڵیش بەلاقە زەردەکانیەوە بگوازێتەوە سەر بازنە بچووکە سپیەکەی فەرشەکە.

ئەو بەهێمنی لە بەردەم دەرگای مەتبەخەکە وەستا بە حیکمەتی سەربازێکی دنیاگەڕی ئەسکەندەری مەقدۆنییەوە، گوتی:

- کەس لـە پیاوێـك ئەوەنـدە تـوڕە نـابێ بەدەسـتی خـۆی ناشتبێتی.

من وەك كرمە لینجەیەك بمو هێڵێكـی لینجـی پـیس لـە دوای خۆم جێهێڵمو بە لێواری کەوەتنەرەکەوە نووسابم کەسـیان نەیاندە دیتم، منـیش نەمـدەزانی پیاوێـك نێـژرابێ بـۆ دەبـێ بگەڕێتەوەو قسە بکاتو بگریەو شووشەی شکاو هەڵگرێتەوەو خوێن لە دەستی بێت. سەرم لەوەش سوڕمابوو ئەو پیاوە ماتو قژ خۆڵەمێشەکە بابمە، کوا زانیویـەتی ئـەو هـەموو قـسەیە بکاتو بنەڕێنیو لە هەمووشی سەیرتر کەنگێ ئەوەنـدە ئـازا بووە خەڵك بنێژێ!.



# بولبولی تەختە

ئەو روانیە جامخانەی کەونتەرەکە، بۆ یەکەمجار وەك هاورێیەك تەماشای باوکمی کرد، نەرمتر لەوەی چاوەڕێ بووم روانییە منیش. جا پەنجە بڕاوەکەی بۆ جامخانەکە راکێشا، کە هێشتا دڵۆپە خوێنێکی بچووکی مەیوی پێوە پانببۆوە. گوتی:

- لە پشت ئەو مەنجەڵە بایرێکسە فەرەنسیە پەمەییەوە، سەری ئەو بولبولە تەختە دەبینن کە بە ئاستەم دیارە؟

ئەو لەمنو باوکیشم درێژتر بوو، من هیچم نەدەدیو باوکیشم ملی بۆ لای جاخانەکە نەسوڕاند، بەڵام من، دڵنیام باوکیشم، دەمانزانی کە بولبولێکی لە تەختە تاشراومان هەیە. دەیانجار دایکم دیتوە تۆزی لەسەر سریوەو خاوێنی کردۆتەوە. چەند جارێکیش لە ئیسپرتۆ کردنەوەی دەرگا یان کەنتۆری جلوبەرگدا ئەویشی ئیسپرتۆ دەکردەوەو بەرەونەقی دەخستەوە. جارێکیش کە خوشکم پێی گوت ئەو بولبولە ئیدی کۆن بووەو مۆدیلی نەماوە، ئەو گوتی:

- نا، ئەوەکاری دەستە هەرگیز کۆن نابێت.

ئەو کاتەی ئەو تاعونە پەنجەی بۆ بولبولەکە راکێشا بوو، من سەیری بابم دەکرد بە دەموچاوێکەوە تاڵتر لە ژەهرو تەختەتر لەو بولبولە کۆنە، دەیڕوانیە تاریکی ئەو دیو پەنجەرەکە، کابرای بەناو دارتاش گوتی:

- ئەو بولبولە تەختەتان دیوە، راستە رەنگی گۆڕاوە، زۆر گۆڕاوە، تەنها من دەیناسمەوە، بۆ خۆم لەداری بەڕو

هەڵمکەندوە، ئێوە نازانن من دەزانم دوو پارچەیە، لە ناوەنـدەوە دەکرێتەوە، بیکەنەوە، لەناویدا نامەیەك هەیـە، بـاش سـەیری کەن بزانن ئەو نامەیە کێ بۆکێی نووسیووە.؟

بابم وەك لەسـەر کـەتنێك گیرابـێ، چـاوێکی بـۆ لای مـن سوڕاند، بە قێزەوە سـەیرێکی کـابرای کـرد، نەمـدەزانی ئـەو بولبولە تەختە هەرچیەکی لێ نوسرابێ بۆ چی بۆ ئـەو پیـاوە گرنگە؟ ئەگەر بۆ ئەو گرنگە پەیوەندی بە ئێمەوە چیە؟ با ئەو تەختە کۆنە بەرێت و بڕوات.

ئەو بەنیگایـەکی بـابم چـۆدەرێ، لـەدیو دەرگاکـە وەسـتا، هەمان دوکەڵی سپی لەسەر دەرگای حەوشەمان بەرزبۆوە. بـابم هەر لەو دیو پەنجەرەکە بوو ڕوانییە دوکەڵەکە، رووی وەرگێـڕا، ماندوو وشەکەت، چاوی بۆ کورسییەك گێـڕا، نـەبوو، تۆزێـك ئەژنۆکانی چەمانەوە. پارچەیەك لە شووشە شکاوەکانی کەوتە بەرچاو، ئەو بەشەبوو کـە رووبـارە مەنگەکـە هێـواش تێیـدا دەڕۆیی. هەر بەپێوەتۆزێك تەماشای کـرد، بـە نووکـە پێیـەك هەڵیدایە ژێر کەونتەرەکە بێ ئەوەی سەیرم کات گوتی:

- بڕۆ ماڵی...

هەروەك چۆن پیاوەکە یەکەمجار لە دەرگای داو نەیزانی بڵێ ماڵی کێ, بەو پشتە چەماوەوە خەرك بوو سەری بەر ئاسمانی نزم کەوێتو دایکم لەبۆنی دەنگی بورایەوەو باڵندە فڕیوەکانی سەر قاپە قەدیمەکەمان پارچە پارچە بوون، ئەویش یەقی هاتەوەو نەیتوانی بڵێ ماڵی کێ. تۆزێك وەستا وەك دڵی لە قورگیدا بێت و گوتی:

- بڕۆ ماڵی ئەو کوڕە خوێڕیەی نیشاندە، لە کۆڵانەکەی ئەو دیو.

لە رووخسارمدا زانی هیچ تێناگەم، پێش ئەوەی بپرسم کام خوێڕی، ئەو گوتی:

- سەفا.. ئەو هەتیوە کۆتربازە.

لەژێر لێوەوە گوتم ((سەفا یاقوو)) دوکەڵەکەی ئەو دیو دەرگای حەوشەمان بەهەوادا دەچوو، سەیری ئاسمانم کرد، پۆلێ کۆتر بەوشەوە لەناو تاریکیەکەدا سەر پشتیان دەبریسکایەوە، ئای خودایە کەنگێ ئەو کۆترانەش دەچنە سەرنەخشی قاپێك! قاپێك, دایکێکی میهرەبان ئەوەندە بەوریایی کێکی لەسەر قاشکات هەرگیز نەهێڵێ چەقۆکە وەبەر باڵ وسنگیان کەوێت

یان رەنگەکەی کاڵکاتەوە. نەمویست کەبیر لـە فڕینـی کـۆتر دەکەمـەوە مـنداڵەکەی باوەشی سـەفا یـاقوو بێتـەوە خـەیاڵم، چوومـە دەرێ‌و کابرا جانتاکەی لەپەناوە دانابوو.

جانتاکەی هەڵگرت‌و دوامکەوت، سـەیرێکی بـاڵای کـردم وەك کورت‌و هیچ بێتە بەرچاوی پرسی:

- تۆش کوڕی گوڵەخانی خەیاتی؟

لە سەد لاوە ئەو قسەیەم پێناخۆش بوو. جارێ ناوی دایکمی لە پڕو هەر ئاوا بەدەمدا هێنا، زۆر ئاشناو دڵـسۆزو خۆمانـە, وەك ئەوەی لەو کولانە سەیانەی تێیاندا ژیاوە داکیشمی لەگەڵ دا بووبێت. هەر لەسەر ئەوە دەمویست بە چەکوچێك ئەو چەند دەدانە شاش‌ورەش ومـۆر و درێژانـەی پێـشەوەی بـۆ بـشکێنم. نازانم! دەبێ هەموو کوڕێك ئەوەندەی مـن تـووڕە بێـت کاتێـك پیاوێکی بێگانەو سـەگباب‌و چـاوقایم ئـاوا دڵـسۆزانە نـاوی دایکی بەدەمدا بێنێ؟ یان هەر ئـەو پیـاوە نەگریـسە بـەناوی دایکم زۆر بیگانە بوو. ئاخر بڵێ کوڕی سەگ داکم چـی تۆیـە؟ ئەی بۆ ناوی بابم ناهێنێ؟ دوای تۆزێك وەك ئێسقان بۆ توتکـە سەیەك هەڵدەم گوتم:

- نا، دایکی من خەیات نیە.

بە دوو چاوی تەواو وەك دووپشکەوە سەیرێکی وەك پیٚوەدانی کردم، گوتی:

- نـا دایکـت باشـترین خەیاتـە، نـەك هـەر ئـەوە دەسـت ڕەنگینیشە.

ئەو قسەیە وەك ئەوە وابوو بەو پێڵاوە ڕەق و ناشـیرنانە پـێ لەدڵم نێت و خوێنم لە هەموو لایەکـەوە فیـچقەبکات, خێـرا دەسرەیەکی لە باخەڵی دەرهێنـا، بـۆنی کـردو لەبـەر خۆیـەوە گوتی:

- تۆش ئەو بۆنە دەناسیەوە.؟

دوژمـنانە تەمـاشایەکیم کردو هەر بەو نیگایە گوتم:

- هەمـوو بۆنەکانی تۆ ژەهری مـارن.

دەبوو پێی بڵێم:

- تۆ بۆن زێرابت لێدێت.

وێستێکم کردو لەدڵی خۆمدا گوتم:

- مـەبەستی ئەو نەحلەتیەچیە! تۆش ئەو بۆنە دەناسیەوە؟

دەسرەکە تاکە شتی ئەو پیاوە بوو رەنگی تێدا بێت، بە دەزووی رەنگاورەنگ نەخشونیگاری لێچنرابوو. تەختی دەسرەکە بە گوڵ داپۆشرابوو، ریزێك پەپوولە بە سەریانەوە بوون. هەر پەپوولەی رەنگێك، لەسەر باڵی پەپوولەی یەکەم پیتی سین‌و لەسەر باڵی دوا پەپوولە پیتی نوون نوسرا بوو. لەسەر پەلکی گوڵەکانیش پیتی ((گ)) دووبارە ببۆوە رەنگی پەمەیی بەسەر هەموو نەخشەکەدا زاڵ بوو. نەخشەکە ئاو بوو هەر ئاوێکی رووت. هەر ئەو پەنجەی تەختەی تاوێك پێشتر بۆ بولبولەکەی ناو جاخانەکەی ماڵی ئێمە راکێشابوو خستیە سەر پیتی ((گ)) یەکەیەکە نیشانی دەدام. من توورە بووم، رووم وەرگێرا.

من دیسانەوە دەزانم کە داکم زۆر حەزی لە نەخش‌و نیگاری سەر قوماشە ئەوەی بۆ خۆی پێیدەڵێ ئەتەمین . ئەو دەزووە باریکانەشی بەکاردێناکە پێی دەڵێن ((سامتین)) شووشەیەکی ئاوە تەماتەی پڕکردوە لە بەکرەی ئەو دەزوانە، رادیۆ کۆنەکەمان بەرگێکی دەستکردی داکمی تێگیراوە کە هەر بەو سامتیانە نەخشی کەوێکی گەورەی لەسەر کێشراوە. لەلای دەست شۆرەکەش پارچە قوماشێکی گیرفان گیرفانی

هەڵواسیبوو کە بە گوڵە نێرگز رازندبوویەوە، لە گیرفانـەکانی شانەو تۆقەکانی خوشکمو هەندێ جار فلچەی دەدانیشیان تێدا هەڵدەگرت. من تا پـۆلی دووەمـی سـەرتایش کتێبـەکانم لـەو تورەکانە دەخست کە داکم بۆی دروست دەکردمو چەندان وێنەی لەسەر دەنەخشاندن، بەڵام من دڵنیام ئـەو پیـاوە شـێت بـووەو دنیای لێگۆڕاوە دەنا هەرگیز دایکم نەخشی خـۆی لـەو پیـاوە تاعونە سەرەف ناکات.

بێ ئەوەی سەیریکەم لەسەری کۆڵانەکەی ئەودیو، گوتم:

- بەلای راستدا دوا دەرگا ماڵی سەفایە...

ئەو وردتر سەیری منـی کـردو دەسـرە نەخـشینەکەی، کـە شوێنی تێدا نەبوو دەرزی لێنەدرابێ خستەوە باخەڵەکەی سـەر دڵی‌و پرسی:

- تۆ سەفا دەناسی؟ دەبێ ئەو ئێستا تۆزێك لەتۆ گـەورەتر بێت.



# ماڵی عەزازیل

لەوکاتــەدا دەرگــای مــاڵی ســەفا کرایــەوەو خزمــە بــۆن تەعزیەکەمان لەوێ هاتەدەرێ، ئێمــەی دیــتو راوەســتا. هــەر لەوێوە بانگی منی کردو گوتی:

- تۆش وەرە, مەگەڕێوە.

چۆوە ژووریۆ دەرگاکەی داخست، ئەو کە ئێستا پشتی زۆرتر کوڕبوەوە وەستا.

من سەیری مانگم کرد، کە لەودیو کوڕایی پشتیەوە نیوە بازنەیەکی دروستکردبوو. لەناو مانگەکەدا دایکم بینی چارۆکەیەکی سپی بەسەر دادا بوو هێندەی تەواوی ئاسمان درێژ ببۆوە. لەو دیو دەرگاکە گوێمان لێبوو بۆ تەعزیە هەر دەڵێت:

- هێواش، هێواش

ئەوان هەراو هەنگامەیەکی زۆریان نابۆوە. دەنگی ئەوانیش لە نێوان گریانو هاوارکردندا دەهات. دەیان پرسیاریان بەسەریەکەوە دەکرد، دەگریانو پێدەکەنین. کابرای بۆن تەعزیە روونتر گوتی:

- هێواش بن، هیواش. وانابێ. ئاسای بن, با ئەو گوێی لێمان نەبێت، من بۆ خۆم دیومە، خۆیەتی قسەم لەگەڵ کردوە. هەوە هەو. دەنگی، ئەتواری، رۆیشتنی... زۆر گۆڕاوە. بەس من دەزانم هەوە سەیفەدینی بابتانە.

ئەوانی ئـەو دیـو دەرگـا دەیانەویـست بـە پەلـە دەرگاکـە بکەنەوە، دەشترسان. وەك کەسو کاری ئـەو مردوانـەی کـە زۆر بەتووندی بەرەو تەرمەکەیان دێنو کە دەگەنـە تەنیـشتی لـە سەیرکردنیان دەترسێن. دیارە کابرا بۆ تەعزیە ناهێڵێ:

- ئەو زۆر گۆڕاوە، مەڵێن ئەوە بابمان نیە، ئێوە تەنها وێنەی ئەوتان بە باشی دیوە، با لەوە زیاتر دڵی نەشکێ هیـچی لـەو ناچێ. سەرتان سوڕنەمێنی لەدیتنی ئاسایی بن.

زیقەیەك گوتی:

- بۆچی لێهاتووە؟

- تۆ باسی چی دەکەی؟ هەی بێرەحم.

- تەنهائەوەندە ئاسای, وەك باوکی راستەقینەتان تەماشـای کەن. با چاوەکانی بە قوڵدا چووبنو کەوتبنو رەنگیان نـەمابێ. با باڵاکەی کورِ بووبێتەوە با پێستی سووتا بێ. ئەوە شەڕە هـەر باشە هاتۆتەوە. ئاسایی بن. مەڕواننـە دەدانـەکانی بـا تـەریق نەبێتەوە. ئەگەر ئێوەش باوەڕنەکـەن کـە باوکتانـە دەبـێ چـی بکات. بڕواتو خۆی بکوژێ؟

ئەوانەی ئەودیو دەرگا سارد بوونـەوە، دیـار بـوو هێـواش‌و سەرکز تاساون‌و چاوەڕێ دەکەن سەد دڵن لـە دیتنـی، دەنگـی ژنێك کە دیارە گەلاوێژی پوریانە بەگریانەو گوتی:

- بەچ دڵێکەوە سەیری کەین، من ناتوانم، تۆ باسی براکەم، یان مردوویەکی گەڕاوە دەکەی, مـن دیناسمـەوە ئەگـەر تـەنها پارچەیەکی گوێی مابێت. خودایە من ئێستا چی بۆ باس کەم؟

سەفا هاوار دەکات، لەگەڵ دەنگی هاوارەکەی دەیـان کـۆتر لە سەربانەکەیان دەدەنە شەقەی باڵ، پـشیلەکان دەمیـاوێنن‌و چەند مشکێکی دڵ تەنگ دەچـنە نـاو زێرابەکـەوە. دیـسانەوە سەفا بە هاوارێکی بەرزترەوە, رووناکی گڵۆپەکان دەلـەرزێنێ, چەند دەرگایەك بە توندی دادەخرێن. ئـەو هـەر بـە هـاوارەوە دەڵێت:

- تۆزێك ئاو، پورم بورایە، بیگرن، یارمەتیم دەن...

هێمنتر دەڵێت:

- رۆیشتن و هاتنەوەت کارەساتە.

من ئەو کاتە چەند مەترێك دوور لە کابرا وەستابووم، ئەو ملی شۆڕ کردبۆوە، دیار نەبوو دەڕوانێتەچی، بێ ئەوەی سەری بەرزکاتەوە ڕۆیشت، چەند هەنگاوێك دوورکەوتەوە، دوو دڵێم تێدا بەدی کردو هەستم کرد تەنهاتۆزێك دووردەکەوێتەوە تا گوێی لە قسەکانیان نەبێت و دەوەستێ، بەڵام خێراتر بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە ڕۆیشت. ناوی ئەو دارتاشەم بە دەم وانەدەهات، تا بانگی کەم، لە سەری کۆڵانەکە پێچی کردەوە، ویستم هەر نەبێ بچم سەیری کەم تابزانم بۆ کوێ دەڕوات، نەمتوانی. ئێستا من بڕۆم؟بۆچی تا ئێستا لێرە وەستاوم؟ لەو کاتەدا دەنگی کردنەوەی دەرگا هات، سەفا یاقوو کە هەرگیز دەمو چاوەکەی جارانی نەبوو هاتەدەرێ، گوتی:

- کوا کەسی لێنیە!!

کابرای بۆ تەعزیە پەشۆکاو حەیران، بە پەلە تاسەر سوچی کۆڵانەکە چوو و گەڕایەوە، ڕووی لەمن کردو پرسی:

- کوانێ؟ چی لێهات؟

من سەیری ئەو شوێنەم کرد کە پێچی لێکردەوەو گوتم:

**- ڕۆیشت..**

**پورە گەلاوێژ بێ هۆش وشل، سەری کەوتبۆ سەر لێواری هەیوانەکە، ئەو دڵۆپە ئاوە بەدبەختو بێچارانەی بە دەموچاویاندا کردبوو شۆڕببوونەوە سەر ڕەگی ملیو وردە وردە دەکەوتنە سەر چیمەنتۆ پەڵە پەڵەو کون کونەکەی حەوشە بۆن جیقنەکەیان.**

**لەناو ئەو هەموو نیگەرانیەدا ڕۆیشتنی ئەو شتێك لە ئاسوودەیی درۆزنانەی دابوویە، چاوەکانی کردنەوەو مۆڵەق رایگرتن.**

**هەموو دینەکان، بەو هەموو موعجیزەوە کەشفو کەرامەتو غەیبیازانیەیانەوە تا ئێستا نەیانتوانیوە یەك تاقە کەس لە مردنەوە بهێننەوە ناو ژیان.**

**کەچی ئەوەتا کەسێك دوای ئەو هەموو ساڵ مردنە، بەپێی خۆی گەڕاوەتەوە، گەڕاوەتەوەو ماڵ بە ماڵ دەگەڕێ.**

**سەفا یاقوو دوای ئەو هەموو تووڕەبوونەو ئەو ماوە زۆرە وەك هیچ نەبووبێ دەستی منی گرت پرسی:**

- چۆن تووشی تۆ بوو, چۆن بـوو هێناتـه ئێـره؟ تـۆ چـۆن زانیت باوکی ئێمەیە؟

پـێش ئـەوەی مـن وەڵامـی ئـەو هـەموو پرسـیارانەی بدەمەوەدەمی, خزمە بۆ تەعزیەکەمان هەموومانی بـردە نـاو حەوشەکەو دەرگاکەی پێوەداو گوتی:

- هەر چۆنێ بێت ئەو پیاوە بابتانـەو تـازە هاتۆتـەوە، مـن دەیدۆزمەوە.

سەفا بە تووڕەبوونەوە گوتی:

- چـۆن تـازە بابمانـە؟ ئـەدی ئێمـە هـەموو عارەفەیـەك نەدەچوینە سەر گوڕی بابمان؟

تۆ لە کوێ ئەوەت بۆ ئێمە دۆزیوەتەوە؟

بۆ تەعزیە بەپەلە گوتی:

- مـن نەمدۆزیوەتـەوە، ئـەو بـەدوای چارەنووسـی خۆیـدا هاتۆتەوە. ئەو ناوی سەیفەدینی دارتاشە. خۆ تۆ ئـەوە دەزانـی, ئێستا بەدوای ئێوەدا وێڵە. لە پێناوی ئێوەشدا چووە شەڕو خۆی

بە کوشتدا. بۆ ئەوەی ئێوە بەختەوەربن، بۆ ئەوەی کەرامەتی ئێوەو وڵاتەکەی بپارێزێ:

پورە گەلاوێژ کە واماندەزانی هێشتا بێ هۆشە گوتی:

- گو بەو کەرامەتە.

بۆ تەعزیە بێ چارەو سەرگەردان گوتی:

- ئەو کات واتگوتبا، ئەو کاتەی هەر ڕۆژەی کۆڵانێک ڕەش پۆش دەبوو. چەندان کەسی وەك ئەو خۆیان دەربازکردو هەڵاتن، بەڵام ماڵو منداڵیان گیرانو زیندانی کران، یان لە برسان مردن. تۆ دەزانی من تێکەڵ سیاسەت نابمو تەنها خودا دەناسم. بەڵام ئەو سەربازانە نەبان ئێستا دەبوو هەر هەمووتان شیعەبان، ئەو هەولێرە دەبوو بە قوم، پێتان وایە خومەینی بەزیی پێتاندا دەهاتەوە چونکە رقتان لە سەدام بوو، ئەو بە هەزاران گەنجی وڵاتەکەی خۆی بە کلیلی بە هەشتی ساختەوە بە پێخواسی نەنارده ناو ئاگر؟

گەلاوێژ کە ئەو تۆزە کلەی لە چاوی دابوو بە ڕوومەتیدا هاتبۆ خوارێ گوتی:

- ئەو برا جوانەمەرگەی من نەیدەزانی کلیـلو قـوم چـیە.
ئەو تەنها لە ترسی ئەوەی ژنو منداڵەکـەی نـەگرن چـوو بـۆ سـەربازی، بـەڵام تـۆ بـاش دەزانـی ژنەکـەی وەك وڵاتەکـەی تۆزقاڵێك وەفای نەبوو، هەرکەزانی کـوژراوە مێـردی کـردەوەو ماڵەکانیو منداڵەکەی جێهێشت، کەس نەزانێ تۆ دەزانی نـە سەدام وەفای بۆ تۆ هەبوو نەژنەکەش بۆ براکەم.

من هەر لەوێ وەستابووم، نەمـدەزانی بـۆ سـەیرم دەکـەن، کاکی بۆ تەعزیە بەو پەڕی نائارامیو توندییەوە گوتی:

- من! بۆ من چیم سەدام وەفای بۆ من هەبێت، هەی گـوو بە گوڕی بابی، کەمیان گرتوومو کەمیان تێهەڵداوم. بەڵام خـۆ ئەو خودا ناسو ریشدارانەش، ئەوانەی بـەرگریتان لێـدەکردن، ئەوانیش دەیانزانی براکەی تۆ بێچاریە، ئـەدی بـۆ دوای شـەڕ، دوای رێکـەوتنو پێهاتنیـان، دە سـاڵی رێـك براکـەی تۆیـان بەرنەداو بێ سەرو شوێنیشیان کرد. دوای ئەو هـەموو سـاڵە هێشتا خوداکەیان فەرمانیان پێناکات ئەو زیندانیو دیلانـەی بە گەنجی بەدیلگیرانو ئێستا پیر بوون ئازادکەن. ئەوەش بزانـە

خاتوون ئەو برایەی تۆ کە وەك دیل بە سەرباز گیراو وەك تاوانبار زیندانی کرا، ئەوە هاتۆتەوە، ئەوە لەو کۆڵانانە دەسوڕێتەوە، دەبیٚ فریای کەوین.

خوشکەکەی سەفایەك بین دەگریا، سەفا دەستی بە سەریەوە گرتبوو، هاواریکرد:

- ئەو قسە قوڕانە بەسە. جەناب ئەگەر ئەو باوکە جوانەمەرگەی ئێمە زیندووە ئەو هەموو ماوە درێژە بۆ نەهاتۆتەوە؟ من ئەو کاتە لە مەکتەب وەك منداڵە هەتیو تەماشا دەکرام‌و بەناوی هەژارییەوە پێڵاوە کۆنیان دەدامیٚ, ئەو کاتە پێویستم بە باوك بوو. چێژنان باوکم دەویست لەسەر سفرە کۆمانکاتەوە. ئاخر ئەو کاتێك هاتۆتەوە کە من راهاتووم لەوەی وەك منداڵێکی هەتیوو و خوێڕی بژیم. ئەی ئێستا بۆ هەڵدێت‌و خۆیمان لێدەشارێتەوە؟

ئەو هەردوو دەستی بە دیوارە لەبغەکەدا کێشا، گوتی:

- باوکێك هەبێت‌و نەبێت!! نەبتناسیٚ‌و نەبیناسی.

بۆ تەعزیە دەستی سەفای گرت، کە هەمووی داغان ببوو و خوێنی لێدەهات، گوتی:

- ئەو ئێوە دەناسێ، ئەو لەو دوورەوە هەناسەتانی رۆژ بەرۆژ ژماردووە، ئەو ئێستا دەزانێ تەمەنی تۆ چەند ساڵو چەند مانگو چەند رۆژو سەعاتو خوولەکە.

بە ئومێدی ئێوە بەرگەی ئازارە سەختەکانی زیندانی گرتووە. تەنها بۆ ئەوەی بەرەڵای کەن، هەرچیان لێویستووە کردویەتی، دواجار قورئاتی لە یەکەم وشەوە تا دوا وشە لەبەر بۆ گوتوونەوە، ژیانی هەر دوانزە ئیمامەکەی بە هۆنراوەو ئاوازو گریانەوە بۆ گوتوون. دوای ئازادبوونی سێ شەوو رۆژ تەنها بە زمانی گۆڕی ئیمامی گەورەیانی لیستۆتەوە.

پورە گەلاوێژ وەك شێت قژە تەنكو سوورەكەی دەهێناو دەبرد، گوتی:

- تۆ تا دوێنێ تەنها باسی مردنەکەیت دەکرد، چۆن هەواڵی شەهید بوونی هاتووە، چۆن لە سەنگەرەکەیاندا لەگەڵ هاورێکانی سووتاوە، چۆنیەتی هێنانەوەکەی، چۆنیەتی

ناشتنی، ئەدی بۆ خۆت نەچوویە بەغداو هێناتەوە، بـۆ خـۆت کفنو دەفنت نەکرد. هەر تۆ نەبووی گوتـت مـن تەرمەکـەیم دیتووەو ئێوە سەیری مەکەن...

بۆ تەعزیە کە وەك مزراح دەخولایەوە قسەکانی پێ بڕی:

- من چیم هێناوەتەوە؟ یـەك دوو لـوولاكو چـەند پەنجـەو پەراسوو و پشتێکی سووتاو، کەللە سـەرێکی ورد بـوو، ئـاخر مـن چـیم هێناوەتـەوە؟ بۆچـی بـۆ خۆتـان جـوان تەماشـاتان نەکرد ,ها؟ براکانی بۆ نەچوون تەرمەکەی بهێننەوە؟

گەلاوێژخان وەك ئەو رۆ براکەی مردبێ لـە سـەنگی خـۆی دەدا، دواتر قژە بژو فشەکەی لاداو چاوەکانی سڕیەوەو هێمـنتر، گوتی:

- بابێتەوە، با بۆ ژنە بەبا هاتووەکەی بێتەوە، بابپینێ, ئەو ژنەی ئەو هەموو براو خزمەکانی لەسەر ئەو بـە نەحلـەتکرد, چەند بەوەفا بووە بۆی. ئەو کە لێرەش بوو لەبـەر خـاتری ئـەو هـەمووومانی لـە مێـشکی خـۆی سـڕیەوە، بـە قـسەی ئـەو دەریکردینو دایکم لە خەمی ئەو مرد، بابێتەوەو بزانـێ چـۆن

منداڵە نۆ مانگەکەی جێهێشت. ماڵەی جێهێشتو سواری زەوقی خۆی بوو، دەبوو خودا ئەو موعجیزەیەی نیشاندا با تا سپڵەیی ئەو دێڵە سەگەی بۆ دەرکەوێ.

هەموویان بێ ویستی خۆیان بۆ منیان ڕوانی، من نەمدەزانی لەناو ئەو هەموو هاوار هاوارەدا چی دەکەم. بە جۆرێك لە حەیاچوونو سەرسامییەوە سەرنجیان لەسەر من لادا، چاویان بۆ سەر پورە گەلاوێژ سوڕاند وەك داوای بێدەنگ بوونی لێبکەن.

بۆ تەعزیە بە بێزارییەوە گوتی:

- هەڵیرێژە، هەرچی دەتەوێ هەڵیرێژە، دوو قسەی ئاوا ئەوکاتیش ماڵەکەتانی کرد بۆ دۆزەخ.

سەفا یاقوو هاوارێکی شێتانەی کردو لەقەیەکی توندی بە دەرگایەکەدا داو گوتی:

- من دەڕۆم، با هەرگیز نەمبینێتەوە، من باوکی وام ناوێت، بابڕواتەوە لەناو سەنگەرەکان وەك مشك بەدوای ئێسقانی خۆیو برادەرەکانیدا بگەڕێ. باوکێك نەنکی خۆی بە خەفەتەوە کوشتبێ با هەر نەیەتەوە.

بە لەقەکە دەرگاکە کەوتبۆ سەرپشت. کابرا بە هەمان دوکەڵی شینی جگەرەکەوە وەستابوو، هەموو پەلاماریانداو وەك قروسکەی سەگ گریان. خودایە ئەو خێزانە چەند لە عەزازیلو جانەوەر دەچوون. خودایە ئەو خێزانە چەند لە خەڵکی گەڕەكو خەڵکی گەڕەکیش چەند لە خەڵکی شار دەچوون. گەڕەك هەموویان رژابوونە سەریان یارمەتییان دەدانو لەناو لیتاو و تۆزی ناو کۆڵانەکە هەڵیاندەگرتنەوە. پورە گەلاوێژ پڕ بە دنیا هاواری دەکرد، لە وەختێکدا وەك سیپاڵ بەخۆیەوە کوشی بوو و ماچی دەکرد:

- تۆ زیندوو بوویتو ئێمە مردوو.

من بێدەنگ دەمڕوانی وەك ئەوەی ئەو ڕووداوە چەندان ساڵ بێت روویدابێت، یان حیکایەتێك بێتو کەسێکی نەناس بۆیگێڕابمەوە یان جاریٚ رووی نەدابێت. من ئەو شەوەم ناونا، شەوی جرجەکانی ناو زێراب دواتر زەردەیەکم هاتیٚو بەخۆم گوت لە چاوی بۆقێکەوە.



# دۆزەخ ماڵێکی بێ دایکە

چوومەوە ماڵێ، بەر دەرگاکەمان بۆنی دوکەڵی جگەرەی لێدەهاتو، چەند قونکە جگەرەیەك لەوێ کەوتبوون، بەخەتێکی ورد لە سەریان نووسرابوو ((بهمن)) جگە لە بۆنی جگەرە، بۆنی لینجیو زەرداوی دەدانی زیندنیەکیشی لێدەهات.

دەنگی نووساوی پورە گەلاوێـژ زەردە واڵـەو زیکزیکـەکانی بردبۆوە ناو شارەکانی خۆیان. چوومە ژووریٚ، توێیەك لە شـەڕو بوغزو رق حەوشەکەی داپۆشـیبوو، بـۆنو ئـارامی دایـك وەك هەزاران دەنگە گەنم بنو ماڵەکەیان داپۆشـیبیٚ، وردە وردە بـە دیوارەکانەدا دەهاتنەخوارو تێکەڵ سیانو بوغزو شەڕ دەبوون.

من ئەو شـەوە زانـیم دۆزەخ تـەنها مـاڵێکی بـیٚ دایکـە، دەرگای چێشتخانەکە کرابۆوە، گلۆپێکی زەردی کـز هەواکـەی ئەوەنـدەی دیکـە غـەمگین کردبـوو. روانـیم لەسـەر لێـواری کەونتەرەکە بولبولە تەختەکە کەوتبوو، وەك چـۆن ئـەو پیـاوە تاعونە پەنجەی بۆ راکێشا دوو پارچە بوو، لەناوەندەوە کرابۆوە، زانـیم بـابم دوای ئێمـە کردوویەتیـەوە، نامەیـەکی زەرد لــە تەنیشتیەوە خەواڵو, ماندوو دەستی خستبۆ ژێر سـەری خـۆی، دیاربوو بابم نەیوێرابوو بیکاتەوە، هەروا بەقەد کراوی لەنێوان هـەر دوو پارچـەی بولبولەکـە دانرابـوو. سـەد وەسوەسـە لـە پەنجەکانمەوە دەتکا, دەتکاو لەرزی دەخستە دڵمـەوە, نامەیـەك بـەو بێهێزیـە, نامەیـەك بـەو پیریـە چ نیگەرانیـەکی

دروستکردووە, بۆ وشە راستەقینەکان, هەڕەشەو هاوارەکان چەند گەرم و گوڕبن نیو ئەوەندەی نامەیەك هەناسە رانـاگرن, میلی کاتژمێر ناگەڕێننەدواوە.

بابم ترسابوو لەوشەکانی ناوی، ترسابوو نامەیەکی عاشقانە ئەوەنـدەی دیکـە وێرانـی کـات. مـن هێـواش وەك دەسـکاری ئەتۆمەکانی قومبەلەیەکی نایترۆچینی بکەم لەوانەی لەسـەر خەڵکی ژاپۆنیان تاقیکردەوە، نامەکە زەردو تەنك ببۆوە، هـەر قەدێکم دەکردەوە ورد ورد دەبـوو، لـە کۆتایـدا بـووە هەنـدێ کاغەزی وردی زەردەوە بوو. زانیم گەڕان بـەدوای وشـەدا لـەناو ئەو کاغەزە وردەدا بێهودەیە، وەك خۆی خستمەوە نـاو بولبولـە تەختەکە، چەندی هەوڵمدا نەمتوانی هەردوو لەتەکە پێکـەوە بنووسێنمەوە. چ بێمێشکیەکە هێندە خەریکی پێکەوە نانـەوەی بولبولێکی لەتی تەختە بێت لەوەختێکـدا بولبولـەکانی نـاو باخچە دەکوژرێن.

داکمیان بردبوو بۆ ژوورێکی تایبەت، دوو لای پەنجەرە بـوو، کـابرای بـۆ تەعزیـە لەبـەردەم ژوورەکـە سـەرکز وەسـتابوو.

دەمولچە ئەستوورەکەی دیاربوو لە دوای کـەوتنی دەدانـەکانی وەك ریخی گامێش کەوتبوونە سەر یەكو ئەوەنـدەی خـوا پێـی خۆشە گنجیان کردبوو.

چ ببینم! ئەو پیاوە یەکپارچە تاعونە لای پێیەکانی دایکـم دانیـشتبوو. هـەوای ژوورەکـە قەرەوێڵـەو سـێلاین وبۆریـە نایلۆنـەکان لـە سەرسـامیدا چـاویان زەقببـۆە. داکـم رووی لەونەبوو، ئەویش بەو زمانەی کە هەر تەنها خوێن بوو قـسەی دەکرد. من دەبوو بتاسێم، بتاسێمو لە هۆشو خۆم چمو هەموو شتێکم لێ تێکەڵ بێت و راست بمرم، بەڵام کەر کـەر وەك ئـەو رووداوە چەند ساڵ بێت روویـدابێ یـان هـەر روونـەدات، یـان خەیاڵی ناو حیکایەت بێتو پەیوەندی بەمنەوە نەبێت هەسـتم بۆ راگرت. ئەو لە خەیاڵێکی قووڵدا قسەی دەکـرد، خـەیاڵێك رووحی, وشەکانی پەیوەندی بەئێـستاوە نـەبێ. لێوەکـانی بـە ئاستەم دەجولان، هەوای ناو ژوورەکـەیان دەگـۆڕی، دایکـم وەك کەسێکی دیکە بێت، دوور دوور بێت لـەمن، چـاوەکانی نـەك مـن هیـچیان نـەدەدی مۆلەقوبـەرد و وەسـتابوون. ئەوچـی

دەگوت، باسی شەڕو مردنو زینددانی دەکرد. باسی ژەهرو هاتنەوەو تێزابی دەکرد چوومە پێشتر، ئەو دەیگوت:

- تەنها تۆ دەزانی من کێم، لەو دنیا فراوانەدا تەنها تۆ بێ سەیر کردنی پێناسەکەمو سوێند خواردن دەزانی من کێم، تەنها تۆ ناچارم ناکەی ناوی خۆم بڵێمو هاوارکەم من سەیفەدینی دارتاشم. من سەیفەدینی عاشقو ریسوای تۆ. دەزگیرانو مێردی تۆ، جگە لەو کێ دەزانێ ئەو بولبولەی بۆم لە تەختە هەڵکەندی، لەبەر سنگی نووسراوە سوێند، ئاخر ئەمرۆ سوێند چ بەهایەکی هەیە؟ من سوێندی خۆم دەبەمەسەر، تۆش دەزانی ئەگەر هەردوو پارچە بکەیەوە نامەیەکی تێدایە، لەو نامە تایبەتانەی لە سوچی سەرەوە دڵێکی پڕخوێنو لە سوچی خوارەی گوڵێکی بە هێڵی زێڕینی لێدروستکراوە. نامەیەك کە بە خوێنی خۆم نووسیومە. تۆ دەزانی ئەو بولبولە بۆ هەموو کەس تەختەیەکی کۆن و رزیوە, تەنها بۆ من با لەگۆڕیشدابم دڵێکەگەرم و گوڕ هەمیشە لێدەدات.

گوڵەی دەست ڕەنگینم, سەروەرم بێچگە لە سەیفەدین کێ دەزانێ ئەلبوومە گەورەکەی وێنەکانی قوتابخانەت، ئەوەی لەکاتی کردنەوەیدا پیانۆی لێدەدا، لەبن ئەو زەنگەی کە دەبوو کۆك بکرێت تا پیانۆکە بەردەوام بێت، قوپچەیەکی پاڵتۆرەشەکەی تۆی تێدایە کە من ناوی خۆمو تۆم لەسەر هەڵکەندبوو. ئەو قۆپچەیەی لەکاتی شەڕە بەفردا لەبەردەم قوتابخانەکەتان لێت کەوتوو من دۆزیمەوە. ئەوەش گەورەترین دۆزینەوە بووە لە ژیانمدا رووی دابێت.

دەنگی هەر گریان بوو گریان. بەڵام دەمووچاوی بەردبوو، ئەو دەیگوتو داکم وەك جەستەیەکی بێگیان بێ هەناسە کەوتبوو. تەنها جۆگەلەیەك لە فرمێسکی نەبینراو لە چاوی داهاتە خوارو دۆشەکەکەیان شەلاڵ دەکرد.

- من سەیفەدینی دارتاش نیم. ئەو دەیگوت، ئەو دەیگوت من مردووم، گەر تۆ بتەوێ مردووم و گورگ و کومتیار دەمێکە خواردویانم. ئەو دەیگوت تۆ دەتەوێ بگەڕێمەوە ئەو دۆزەخەی لێیەوە هاتوومەوە. ئاخر کە من

هەونیم، ئەو دەسرەی تۆ بە سامتین بۆت چنیم‌و پیتەکانی ناوی منو خۆت بەتێکەڵاوی لەسەر باڵی پەپوولەکان نووسی بۆ لای منە. جگە لە سەیفەدین کێ دەزانێ کە هەشت پەپولەت بۆ پیتەکانی ناوی منو چوار گوڵت بۆ پیتەکانی ناوی خۆت دروستکردبوو. هەمیشە دەتگوت پەپولەکان دوو ئەوەندەی گوڵەکانن، منیش دەمگوت تۆ یەك گوڵی‌و دڵی من هەزار پەپوولە. تۆ یەك گوڵی ودڵی من ملیۆنان خوناوە. تۆ یەك ساتی هاتنی و دڵی من هەزاران ساتی چاوەڕوانی.

- ئەوە ئەو دەسرەم دزی. ئەدی ئەو حیکایەتەم لەکێ دزیووە؟ ئەوە حیکایەتەکەشم دزی ئەدی ئەو دڵەم لەکێ دزیووە. ئەو ئەڵقەشم دزی کە پێکەوە لە سیراجەدینی چاو شوشەمان کڕی. ئەو ئاڵتۆن فرۆشە بە تەمەنە شەربەتی بۆ بانگ کردین، کە سەیری تۆی کرد گوتی، ئەوە یەکەمجارە دارتاش ئاڵتون بکڕێ. دواتر پێکەنی‌و گوتی ژنێکت هێناوە سەرتاپای مرواربیە. بۆ قسە ناکەی؟ بۆ سەیرم ناکەی؟ تۆش گومانت هەیە من سەیفەدین بم؟ کە تۆ تەنها گومانت

هەبێت، من دڵنیادەبم کە هەونیم. کە هەونیمو لەو شەڕە نەگریسەدا یەکێکی دیکە لەکاتی بەریەك کەوتنی دوو ساروخدا هاتۆتە ناومنەوە. یان من چوومە ناوجەستەی کەسێکی دیکەوە ئاخر من یەك پارچەی جەستەی خۆم نەهێناوەتەوە.

تۆ نابێ لە جەللادە ئێرانیەکانم دڵرقتربیت ئەوان باوەڕیان پێکردم، ئەوان زانییان کە هەتا لەو بیابانەش گڵی شێدار هەیە. ئەوان زانییان کە چۆن سەنگەر هەیە بەسەر سەربازەکاندا دەرووخێتو دەیانکوژێ هەر ئاواش سەنگەر هەیە دەروخێت تا سەربازەکانی رزگار بکات.

ئا لەوێش لەو قاتو قڕیەشدا گڵی شێدار هەیە بتشارێتەوە. من لەژێر ئەو گڵەدا بیرم لەو بەیانیە کردەوە کە جێمهێشتی، بەر دەرگاکەت رشاندبوو، من نەمزانی تۆ دوای ئەو بەیانیە چەند جاری دیکە بەر دەرگات رشاندەوە. بەڵام من لەو کاتەوە ئیدی هەرگیز بۆنی گڵی بەر دەرگای رشاوم نەکردەوە. نەمدیتەوە ژنێك لەبەر دەرگابێتو مێردەکەی

بەرێکات. تـۆ ئـەو کاتـە ئـەو کراسـە شـینە فـشو فۆڵـەت لەبەردابوو کە بەبۆنەی سکە سیٚ مانگەکەتەوە کڕیبوومان.

من نامەویٚ لە هیچ کەس بپرسم سکەکەت کـوڕ بـوو یـان کچ، مرد یان ماوە. نامەویٚ کەس باسی منداڵەکانم بۆ بکات، دەمەویٚ گوێم لە دەنگی تۆ بێت، دەنگی تـۆو بـەس. تـۆ پـێم بڵی، ئەوان بیری منیان کردوە، باسی منت بۆ کردوون.؟ تا تـۆ نەڵێی من هیچ کەس بە منداڵی خۆم نازانم.

ئیدی ناتوانم نەك لەو پیاوە گویٚ لە هیچ کەس بگـرم. مـن دەبیٚ تا دەکریٚ دووربم، دووربم‌و هەرگیز لەو حیکایەتانە نزیـك نەبمەوە کە هەموو سیل و سـەرەتانە بـا لەبـەر چـاوی خۆشـم رووبدەن، بەلاٚم هی من نین، هی دایکم نین، هی ماڵەکەی مـن نین. لەو دیوو شووشـە پەنجـەرە گەورەکـەوە وەسـتاوم، سـەیری چاوی کابرام کرد. راستتر بۆ چاوی کابرا گەڕام، وەك نەبن، دیار نەبوون, من باوەڕم وابوو بابم راست دەکات‌و ئەو پیاوە نەناسـە حیکایەتەکانی سەیفەدینی دارتاشی دزیووەو خۆی کـردوە بـەو بەلاٚم ئێستا دڵنیا بووم کە خۆی لێگۆڕاوەو هەر بەراستی خۆی

لێبۆتە ئەو پیاوەی ناوی سەیفەدینەو گوایە رۆژێك لە رۆژان داکم ژنی ئەو بووە. ئەوەتا بە هەڵە یەخەی باب‌و دایکی منی گرتووە. زۆرجار دەمگوت تەنهایی عەقڵی پێ نەهێشتووەو دەیەوێت خۆی بەسەر کەسێکدا ساغ کاتەوە. ئاخر بۆ ماندوو نابێت. ئەو قسە قۆڕانە بەو داکە نەخۆشەی من چی؟ کێ رێگەی داوە ئاوا لە پەنا قەرەوێڵەکەی ئەو دانیشێ؟

ئەو دووبارە وەك هەوەڵی قسەی بێت گوتی:

- من گوژرابووم. گوژرابووم‌و ببوومە رەژوو. ئێسقان‌و گۆشتم پێکەوە وەك یەك توابوونەوە. من گوژرابووم کەس نەیدەناسیمەوە. نەك هەر ئەوە، من کوژرابووم کەس نەیتوانی جارێکی دیکە سەردانی سەنگەرە رووخاوەکەی ئێمە بکات. بەڵێ من کوژرابووم بێگومان هەموو وایاندەزانی کە من کوژراوم. تۆش لەوێ بای هەروات دەزانی. هەموومان سێ سەد سەرباز بووین‌و دەرمانێکیان پێدا کردین هەمووانی تواندەوە. بە ئاسنیش داکرابا هەر دەیتواندەوە. گەردێك لە هەوادا نەمابوو، هەوا هەر نەمابوو ئاخر من نەك هەر لە دووری تۆ

دەبوو تواباماەوە، من بەو دەرمانە دەبوو تواباماەوەو بووبامە قوڕوقوشم. بوو بامە چنگە زبخێکی سەنگەرەکە، دیوارە گڵێنەکە بەرگەی ئەو ئاگرو دەرمانو تاڵاوە ناگرێتو دەرووخێ، دەرووخێو لەو ئاگر بارانەدا من دادەپۆشێ.

بەهەمان پەنجەی بابم پێی لێناو خوێنی لێهات، هەمان پەنجەی بۆ بولبولە دارەکەی راکێشا، خستبۆ سەر لێواری قەرەوێڵە ئاسنەکە، سارد بوو، دەیەویست پەنجە پڕ دەرمانەکانی، ئەو دەرمانان ژەهرنەی بۆ خۆی باسی کردنو هەر تاعون بوون، بە لێواری ئەو دۆشکە کەوێت کە دایکمیان لەسەر پاڵخستبوو، بەو نیازە خوێنی لەوە زیاتر نەتەزێتو گەرمییەك بۆ دڵی بگەڕێتەوە.

بابم هات، بە هەمان تووڕەیی تۆفانەکەی نوحەوە هات، منی نەدیتو خەریك بوو بە مستێك شووشە ئەستورەکەی پەنجەرەکە بشکێنێ. کابرا بە سروشتی ئەو دارانەی پێش ئەوەی لافا بیانگاتێ لەرەگەوە هەڵدەقەنرێن لە شوێنەکەی خۆی هەستا، بێ ئەوەی دەموچاوی بگۆڕێت. هەستاو لێواری قەرەوێڵەکەو

تۆزێك لە دۆشـکە ئیفنـسجەکەی توونـد کووشـی. لـە پـەنا دیوارەکە بابم جلە پـڕ چـرچو لۆچـەکانی گـرتو ویـستی بـە دیوارەکـــەی دادت، ئـــەو نـــەجووڵاو بـــەرگری نـــەکرد، وەك بوکەڵەیەکی ناشیرینی پەرۆ بێت شل بە دەستیەوە هـات. بـابم گوڕاندی:

- جارێکی دیکە بەو هەموو ژەهری مارەوە نەیەوە بۆ ئێرە.

بۆ یەکەمجار چاوە هەرە بچووكو هەرە قووڵ وتاریکەکانی بە ئاستەم کردنـەوەو شـتێکی زۆر ناشـیرین بـوون. بـەڵام قـسەی نەکرد، بۆ ئەو هەموو رقو توڕەییو بوغزەی بـابم ببینـێ؟ وەك بابم بێزی نەهاتبێ چیدی سەیری چاوەکانی کات بەریدا ئەویش وەك پەرۆیەك لە ناخەوە سووتابێ، بێ کلێپەو ئاگر هـەلا هـەلا بووبێت بەدنیایەك تۆزی خۆڵەمێشەوە کەوتە بن دیوارەکە.

خزمە بۆ تەعزیەکەمان بەسەرزەنشتەوە چـاوێکی لـە بـابم کردو دەستی بۆ کـابرای کۆنـە پـەرۆ درێـژکرد، ئـەو لێگـەڕا دەستی لە هەوادا بمێنێتەوە.

حیکایەتی ئەو پیاوە بۆ دایکم، حیکایەتی دڕك بوو بۆ گوڵ. حیکایەتی ئاگر بوو بۆ جەستە. تەنها ئەو کاتانەی داکم چاوی دەتروکاند هەستم دەکرد حیکایەتی ئەژدیهایە بۆ بەچکەمار. ئەو نەك بۆسۆ ئەو خودی سووتانو مردنی هێنابۆوە. ئەو بە حیسابی خۆی ژیانی هێنابۆوە، بەڵام ژیانێك نە دەچووە ناو جەستەی هیچ بنیادەمێکەوە.

بابم چووە ژووریٚ، لەسەر هەمان کورسی کابرا دانیشت، هەستی بە سووتانەوەو بێزاری کردو لەویٚ هەستاو چووە لای سەری داکم لە سەر لێواری قەرەوێڵەکە دانیشت، داکم هەروا چاوەکانی مۆلەق بوون، ئەو هیچی نەگووت، یەکەمجار بوو نێو چاوانی بابم هێندە قۆقز ببینم. دیسانەوە یەکەمجار بوو ئەو نێو چاوان قۆقزە ببینم بەو هەموو نەوازشەوە سەیری داکم کات. وەك هەستی بە هەموو قسەکانی کابرا کردبێت، لە ڕووخساری نەگۆڕی داکمدا، لەهەوای ترساوی ژوورەکەدا، لەو گەرمیە بێزارەکەرەی لەسەر کورسیەکە جێی هێشتبوو. بە قورسی گیان کێشانەوە هاتە قسە:

- ئەو پیاوە کەس نازانیّ ناوی چیە؟ کەس نیە لێرە بیناسیّ. بە کۆڵانو گەڕەكو شارەکەش نامۆیە. خۆی کردوە بە سەیفەدینی دارتاشی رەحمەتی. خوێنی، رەوشتو ئەتواری، قسەو رەنگی بە سەیفەدین نامۆیە. ئاخر کوا سەیفەدین قەمبوور بوو، کوا دەمی ئەوەندە چاڵو چاوی ئەوەندە ناشیرین بوو و گوێی سەیفەدین کوا تەنها پارچە چەرمێکی بچووك بووە؟ ئاخر کە ئەو سەیفەدینە با یەك نیشانەی ئەوی پێوەبیّ، خاڵەکەی چەنەگەی، دڵە کوتراوەکەی سەر دەستی، نیشانە رەشە زگماکەکەی سەر باسکی راستی. ئەو سەگبابە بۆنی سەگ دەداتو بۆنی سەیفەدین نادات.

دایکم لەپڕ راچەنی، رشایەوە، توونـد رشایەوە، ویقەی رشانەوەکەی هەموو ژوورەکانو هۆڵەکانی نەخۆشخانەکەی پڕکردبوو. ئامێرە زەنگدارو ئەلیکترۆنیەکانی بەشی بووژانەوەی دڵ خێراو توونـدو جاڕسکەر باری مەترسی نەخۆشەکانیان رادەگەیاند. ویقە ویق وەك ئاژێری ئاگادار کەرەوە لەمەترسی گەورە دەنگی دەدایەوە، شێوەو رەنگی هەموانو دارو

دیواریـــشی گۆڕیبـــوو ئـــەو دەرشـــایەوەو ژمـــارە گـــەورەو نارەحەتکـــەرەکانی ســـەر شاشـــەکان بەرزدەبوونـــەوەو ســـنگی نەخۆشەکان پڕ هەوا دەبوون‌ولەناکاو فش دەبوونەوە.

داکـم رەشـاوێکی خەسـت‌و بـۆن تـرش‌و بـاروت‌و تیزابـی داێنایەوە, هەمووومان هەستمان دەکـرد لـە سـەربازخانەیەکی پێشەوەی شەڕین‌و هاکا فرۆکەکان بۆدومانیان کردین، دکتـۆرە گەنج‌و بێ ئەزموونەکان، وەك ئـەو سـەربازانەی بـۆ یەکـەمجار دەچنە بەرەکانی شەڕ، دەستیان دەلـەرزی‌و سماعـە سـاردو بـێ گیان‌و بێ کەڵکەکانیان لەسەر سـنگی نەخۆشـەکان دەخـزی‌و کەس‌و کاری نەخۆشـەکان بەوپـەڕی بـێ ئومێـدی‌و سـاردی‌و گێلییـەوە دەچـوونە باوەشـی یـەکترو لیـك‌و وردە بەڵغـەمیان بەلامل‌و شانی یەکتر دەسڕی، بە چاوی پڕ فرمێسکەوە سـەیری لێوە لەرزەی یەکتریان دەکرد.

یـەکێك دڵـی وەسـتاو ئـامێرە ئەلیکترۆنیـەکان نیـشانەی سفرێکی گەورەیان لەسەر شاشە ئیزرائیلەکـەیان نیـشان دەداو لە شوێنێکی دیکەوە فیکەیـەکی یـەك ئاسـت‌و درێـژیان وەك

نەفخی سووری مردن لێبەرزدەبۆوە, هێڵێکی درێژی خامۆشی لەوسەر بۆو سەری شاشەکە درێژ بۆوە. ئیدی کەسێك خۆی بەسەر ئەو تەرمەدا دەدا کە ئامێرەکە فەرمانی کۆتایی ژیانی راگەیاندوە. دەستێك، هەمیشە، کە کەس نازانێ دەستی فریشتەیە یان بڵێندگۆی مەرگ پەرۆیەکی سپی بەسەر رووخساری مردووکەدا هەڵدەکێشیو چەند ئازیزێك بۆکس بە قەرەوێڵەی مردووەکەو دیوارو پلاکی کارەبادا دەکێشنو بە هاوار هاواری پێشوازی دۆزەخەوە جنیۆدەدەن. چەند کارمەندێك مردووەکە وەك فرۆکە دەفڕێننو لەو ناوەی دووردەخەنەوە. من تۆزێك ئارام دەبمەوە دەبینم دارو دەستەی ئزرائیل وەك گێژەڵۆکە دوای کاری ئەو مردووە دەکەون و لە هۆڵی نەخۆشخانەکەو دایکم دوور دەکەونەوە.

سکوت وەك چاڵێکی قووڵ ئەو شوێنەدادەگرێت، سکوتێك کە گیای لەسەر شین نابێت. ئەوەش هەر تا ئەکاتە بەردەوام دەبێت تاکەسێکی دیکە دەبەنە ژێر ئەو ئامێرەو چاوەکان بەنیازی رەحمەت لە ژمارە وەك ژەهری مارەکانی سەری دەڕوانن.

کچە هەرزەکارو کوڕە ناکامڵەکان بە ماسیحەی پانو پەڕۆی تەڕ دەستیانکرد بە سڕینەوەی هۆڵو ژوورەکان، ژنێکی کامڵ سنگو بەرۆکی دایکمی خاوێنکردنەوەو دەستێکی تەڕی بە دەموچاویدا هێناو لێوە قەڵشیوو وشکەوەبووەکانی بۆ تەڕکرد. کچێکی باریکی قالۆری بە ئامێرێکی لاکیشەی شین پەستانی خوێنی بۆ گرتو لێوە باریکەکانی خۆی وەك کچە عەیارە سەماکەرەکانی نێو فیلمە هێندیەکان بە ئاستەم گەست. هەر ئەوەش وایکرد ئەوانی دیکە بوروژێنو لە چەند لاوە هەردوو دەستی داکم دەرزی ئاژن کەن تا دەمارە باریكو بێهێزو نەبووەکانی بدۆزنەوە. لەگەڵ هەموو دەرزییەك کە بە پێستە پەڕە سیغارەکەیاند دەکرد ژانێك دەچووە دڵمەوەو چاوەکانم دەنوقاند.

بۆ تەعزیە وەك پیاوێکی کردەو ئازا شووشە بۆنێکی چلکنو بچووکی لە باخەڵە بۆن عەرەقەکەی بن باڵی دەرهێناو هەندێکی لە ژوورەکەدا بلاوکردەوە.

سۆندەیەکی بێگیانیان لە قولّی دایکم بەستو ئاوێکی روون دڵۆپ دڵۆپ دەچووە ناو خوێنە ساردەکەی. چاوەکانی نەرمترو ساردتر بۆ منیان دەڕوانی. دکتۆرەکان ڕۆیشتنو بابم لە پشت سەری دایکمەوە گەرمتر، بەلاّم هێواشتر، رووی لە بۆ تەعزیە کرد، و تێهەڵچۆوە:

- ئەویشمان لەگەڵ بوو، ئەو بۆ خۆی پەنجەمۆری وەرگرتنەوەی مەیتەکەی کرد، ئەو بۆ خۆی کتابەکانی تەواو کردو پێکەوە چووینە مەیتخانە، ئەو سەری تابووتەکەی هەڵدایەوە، بێگومان بەدزی کارمەندەکانەوە. ئەو بەستەزمانە تەواو سووتا بوو، نیشانەیەکی ئازایەتیان لەسەر تابوتەکەی دانابوو. ئاخر تۆ زانیوتە مردوویەك زیندوو ببێتەوە. ئاخر تۆ هەرگیز زانیوتە ئێسقانەکانی گۆڕەستانێك دەستی یەکتر بگرنو بێن بۆ سەردانی خزمەکانیان. ئەو پیاوە تاعونە درۆدەکات.

راستە، هەموو قسەکانی راستە. راستە ئەو هاوڕێی سەیفدین بووە بەرۆژو ساڵ لەو بیابانە بەیەکەوە بوون. سەیفەدینیش لەو غەریبیە دڵی بۆ کردۆتەوە.

هەمووشتێکی بۆ باسکردووە. ناوی ژنو منداڵو گەڕەكو کارو هەموو یادگاریەکانی بۆ باسکردووە. هەر کەس بە ساڵو مانگ لەو بیابانەبێت بۆ ئەوەی قسەی لەبیر نەچێتەوە، بۆ ئەوەی بیرەوەری نەسڕێتەوە تەواوی ژیانی خۆی بۆ بەردەوداریش باس دەکات.

بۆ تەعزیە دەیڕوانیە بەرپێی خۆی، پێیەکانی لە کاشییەکەوە دەگوازتەوە سەر کاشییەکی دیکە. چەند هەنگاو دەچووە پێشو دەگەڕایەوە، دەستی بەلووتە بەریکەکەی خۆیدا دێنا بۆ ئەوەی لەمانی دڵنیابێت.

بابم توندتر تەماشایەکی بۆ تەعزیەی کردو گوتی:

- ئەو پیاوە لە دەستی دێت، هاوڕێیەکەی خۆی بکوژێتو کەلوپەلو یادگاریەکانی بدزێتو خۆشی بکات بەو. بەراستی ئەو ئیزائیلە سیحربازە.

# زۆڵ وەك گەچی دیوار

خوشکەکەم سەرکەونتەرو مێزو جامخانەکەی سڕیبۆوەو ئاوی کردبووە گوڵدانەکانی دایکمو بەردەرگای ئاوڕشێن کردبوو. بۆنی شێداری دەمکێشانی برنج بە ماڵەکەماندا بڵاوببۆوەو تامی ئەوەی دەدا کە کێشەمان نەماوەو دەشێ ژیانمان بە ئاسایی تێپەڕێ.

داکمیان رۆژی پێشتر هێنابۆوە، لە ژووره گەورەکەی پشتەوە کەوتبوو. دکتۆرەکان رایانسپاردبوو کە شوێنەکەی هێمن بێت‌و ئاگاداری دەرمان‌و خواردنەکانی بین، دەشێ بێتەوە سەر خۆی. بەیانیان دوو پرتەقاڵم بۆ لە عەسارەداداو لیمۆیەکم دەگوشیە ناوی‌و دەمدایە. خوشکە سەر لێشێواوەکەم شۆربای بۆ دەکرد. بابیشم بێ ئەوەی قسەیەك بکات دەهات لە ژوور سەریەوە دادەنیشت‌و دەستێکی بە ئاستەم لە نێو چاوانە ساردو بێ خوێنەکەی دەدا. ئەو هێشتا وەك گوڵێکی سوور ژیانی بۆو ژوورەو تەواوی ماڵەکەو دڵی ئێمە نەگێڕابۆوە.

شەوانە لای دادەنیشتم‌و هێمن هێمن دەرسەکانم دەخوێندو لاپەڕەکانم هەڵدەدایەوە، ئەویش بە چاوێکی تەواو خۆشەویستانە سەیرێکی دەکردم‌و منیش بە ئاستەم دەستەکانیم دەکوشی.

لاپەڕە لاپەڕە، چاوە نەرمەکانیم لەگەڵ خۆم دەبرد، بۆ ناو رووبارە درێژەکان، شار بە شاری سەر نەخشە دەسوڕاینەوە. دەمبردە ناو وانەی مێژوو، بەدیار شەڕەکانەوە دامدەنا، ناوی

شــەڕە قورســەکانو ســەرکردە بــەدفڕەکانمان ئەزبــەر دەکــرد. بەکاتژمێر بەدیار هاوکێشەیەکی کیمیاوە دەمهێشتەوە. پێکەوە ژمارە دوورو درێژەکانمان کۆدەکردەوە، لە سینەوە بازمان دەدایە ســەر ســاد، تــەنهاو تــەنها حــەزم نــەدەکرد بــۆ نــاو وانــەی زیندەورزانی بەرم، ئەویٚ پڕ بوو لە باسی پەپوولەی ســەگبابو گوڵی فیتنە. ئەو پەپوولانــە هەمیــشە باڵــەکانیان پــان پــان کردبۆوە تا کچێکیتەنها و غەمگین پیتــی ســەیرو ســەمەرەی لەسەر بچنیٚ.

جاریٚ جامی رووحم تەواو لەو لەزەتەدا تەڕ نــەبوو بــوو کــە رۆژێك مەلایەکی ریــش ســپیو ســورکەڵە لەگــەڵ خزمــە بــۆ تەعزیەکەمان لە دەرگایاندا، پێش ئەوەی مــن فریاکــەوم بــابم دەرگای کردەو پێیگوتن:

- مــن لە ئێــوە زیــاتر لــە شــەرع دەزانم. بڕۆنــەوە لای ئــەو سیحربازەی هەڵیخەڵەتاندوون.

مەلایەکە بە ئارامییەوە گوتی:

- دەبێ پرسیار لە خۆی کەم مـن ئـەرکی خـۆم جێبـەجێ دەکەم.

باوم توندوتر گوتی:

- ئەرکی ئێوە لە ماڵی من نیە. بڕۆن سـیحری ئـەو بـەتاڵ کەنەوە.

مەلا وەختێك دووردەکەوتەوە گوتی:

- دەبێ ژن بە شەرع لە ماڵی پیاودا بێت.

لەگەڵ ئەو قسەیە بـابم دەرگاکـەی توونـد داخسـتەوە تـا هەرچی زووترە کۆتایی بەدەنگدانەوەی دەنگی مـەلا بێنـێ لـە هەوادا، هەر کە منی دیت لە پشتیەوە گوتی:

- باسی هاتنی ئەو بێدینانەمەکە، هەر لەبەر دڵی داکت.

کە بابم دەچووە دەرێ ماڵەکـەمان دەبـووە کـە روانسـەرا، پیرێژنی سەر ئاسنینو ژنی گـەڕاوەی عـەیارو سـەر بەعـەبا دەهاتنو لای دایکـم دادەنیشتنو بـەدەنگی نـزمو فسکەفسك قسەیان بۆ دەکرد. سەرەتا پـچڕ پـچڕ گـوێم لێـدەبوون، دواتـر ئاشکرا قسەیان دەکرد:

- ئەوە پەیوەندی بە فەرمانی خوداوە هەیە. ورد بیری لێبکەوە، با ئەوش بزانی من ئەو دەناسمەوە خۆیەتی، هەموو رۆژێ چاورێتە. خەڵك باست دەکەن. منداڵەکانتان گرێ دەبن.

رۆژێك گەلاوێژخانی پوری سەفا یاقوو کە لەگەڵ پۆلە ژنێك هاتبوو، لە وزەی دانەماو هەستایە سەر پێو هاواریکرد:

- با هەمووان بزانن. با منداڵەکانت، دەرو دراوسێ، با هەموو دنیا بزانێ تۆ لەو پیاوە حەرامی کە لەگەڵی دەژیت.

ئێمە وەك مێش بەولاولادا دەکەوتینو ئەو بەردەوام بوو:

- بەزەوقی خۆت نیە. لەسەر سەرمان خودا هەیە. کەس قبوڵ ناکات تۆ بە حەرامی لەپاڵ ئەو زەندیقەدا بژیت. خەڵکی گەرەك ئەوە بزانن دەرتان دەکەن.

دایکم تەنها چاوەکانی بۆ لای سوڕاند وەك پەردەی ئاسمان بۆ دواجار داداتەوە پێڵوەکانی دادانەوە.

ئەو هەستا بۆ پێ، لە ژوورەکەدا دەهاتوو دەچوو، دەیویست هەموومان بەرشەق داتو فڕێماندات دەرێ. لە ناوەندی ژوورەکە وەستاو و گوتی:

- من خوشکی ئەوم، من برای خۆم هەر بە بۆن دەناسمەوە، تۆش دەیناسیەوە. ئەو، ئەو پیاوەی لەو شارە گەورە, هاتووەوە رێك لە دەرگای ئێوەی داوە، ئەو سەیفەدینی مێردی تۆیە، دەبێ تۆش بە ئەمری خودا رازی بێتو بچیەوە لای. ئەوانەش هەموو ئەو ژەهرەمارانەن کە خۆت بۆت نووسیووە.

لەگەڵ ئەو قسەیە چەنگێك کاغەزو کارتی یادگاریو زەرفی بۆری هەڵدایە سەر دەموچاوی دایکم. دایکم چاوەکانی نەکردنەوەو بێدەنگ لافاوێك لە فرمێسك بەروومەتیدا هاتنەخوارێ.

کاغەزەکان کۆنو چڵکنو زەردو بۆر بوون، سووكو بێسەنگ با دەیجولاندنەوە، بایەکی سووك خش خش لەو سەری ژوورەکە دەیبردنە ئەو سەر. بابم وەك کێوێك لە تورەیی لەناکاو پەیدا بۆوە. قژە خۆڵەمێشیو گوریسیەکەی بەنێوچاوانە زەقەکەیەوە نووسابوو. کارتێکی بچووکی دوولا وەك دەفتەری لەبەر دەرگاکە هەڵگرتەوە. من تەنها پشتەوەیم لێدیار بوو، پەپوولەیەکی زیوین باڵەکانی کردبوونەوە. چاوێکی خێرای

بەسەرداگیرا، دیاربوو چەند وشەیەکی کەمی لەسەر نووسراوە. تۆزێك چاوەکانی نوقاندن وەك ئەوەی بیەوێ هێشتا ئەو گەردەلولی تۆرەنادۆیە ئازادنەکات و بەزۆر بەری بگرێت. بەڵام دیسانەوە بەسەر پورەگەلاوێژدا هاواری کرد:

- برۆ دەرێ لەو ماڵە. بچیتە هەر ماڵێك وەك شەیتان وێرانی دەکەی. وەك مۆرانە دڵی هەمووان دەخۆی.

گەلاوێژخان تاساو ورەی بەردا، خۆی کۆکردەوە سەریەك وەختێك دەیویست بە خێرایی بڕوات لە پڕ وەستا، دەموچاوە ڕەنگ پەڕیوەکەی بابمی دی و گوتی:

- حەرامە تۆ پێ بخەیتە ئەو ماڵە. لەخوا ناترسی؟

بابم وەك کەسێك بێت و من نەیناسم، هەروا بەرێکەوت لە شاشەی تەلەفزیۆن بەرچاوم کەوتبێت بەپڕتاو بەرەوو ڕووی ژنەکە چوو:

- تۆ باسی حەرام دەکەیت هەی دێڵە بەبا.

گەلاوێژخان عەباکەی لێکەوتە خوارێ و خەریك بوو بۆ خۆشی بکەوێت. ئیدی ئەژنۆکانی توانای هەڵگرتنی رانە

ئەستوور و ورگەکەیان نەدەگرت. ئەو کچە هەرزەکارەی لەگەڵی بوو دەستی گرت‌و راستی کردەوەو بەرەو دەرێ رایکێشا. ئەویش لە کاتێکدا بە شەلەشەل دەڕۆیشت، زوو زوو دەیگوت:

- زینا! ئەو ماڵە پڕە لە زینا! منداڵەکانتان هەموویان زۆڵن زۆڵ.

چۆن ئەو قسەیە بەهەوادا چوو هەر ئاوا چاوەکانی بابم تاقیامەت بە قووڵد چوون. دایکم وەك مانگایەك بێت‌و قەسابێك چەقۆی لەرەگی ملیدابێت‌و دەماری قورگیان بڕیبێت لرفە لرفی دەهات‌و لە شوێنی خۆی هەڵدەبەزیەوە. خوشکم وەك گەچی دیوارەکە سپی ببوو. من منی نامەرد نەمدەزانی ئەو شەڕە، جگە لەگریانەکەی دایکم، چ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەیە، دەکرێ لە کوێوە بۆی غەمبارم.

چاوم هەر لەسەر نامەکان بوو. عەبا بەجێماوەکەی گەلاوێژخان کەوتبۆ سەر کاشیە زەردو خوارو خێچەکان. هەندێك لەنامەکانی کەوتبوونە سەرو ئەوانی دیکەش بەسەر

جێگاکـەی دایکـمو تـەواوی ژوورەکـەدا بلاوببوونـەوە، بـابم شەقێکی توندی لە عەباکە هەڵداو هاواریکرد:

- قەحبە، قەحبە، قەحبە...

خوشکە باریك باریكو بێ رووحەکەم خۆی بەسەر دایکمـدا داو توند لە باشی کردو قوڵپەی گریان وەك ئاوی سـەر ئـاگر دەنگی دەهات. بابم دووجار ویـستی سـەری خـۆی بەدیوارەکـە داکێشێو پەشیمان بۆوە. من چاوم لە نامە پـەرشو بلاوەکـان بوو. با تەقـە تـەقی بـەکارتێکی دوولا دەکـرد، داکـم لـەژێر جێگاکەیەوە توێ توێ دەتوایەوەو تەنك دەبۆوە.

لەو رۆژەوە کـەس چـیمەنی ماڵەکـەمانی ئاوانـەداو گـوڵو بنچکەدارەکانی ناو ئینجانەکانی ڕاڕەوەکەش چـاوەڕێی ئاویـان نەدەکردو گەلا گەلا و خانەخانە خۆیان بۆ وشك بـوونێکی بـێ خواحافیزی ئامادە دەکرد. بـابم چـیدی هاتووچـۆی مزگـەوتی نەدەکردو قورئانە گەورەو پانەکەی خستبۆ سەر جێ نوێنەکانو سیواوكو بەرماڵەکەی هەروا بۆ مـشكو قالۆنـچە لـە پـشت دەرگاکە فرێدابوون.

وەك سێبەری شەیتان لە ماڵەکە دەردەکەوتوو دەچووە ژوورە بچووكو نسرمەکەی خۆیەوە. شەوانە درەنگ هەستم دەکرد دێتە دەرێو دەچێتە سەر جێگاکەی دایکمو بەدەنگێکی کۆن کۆنو کون کونەوە قسەی بۆ دەکات. بە نیازنیم گوێم لەدەنگی دایکم بێت چونکە دکتۆر گوتبووی,

((زەحمەتە جارێکی دیکە قسە بکاتەوە))

پەیوەندی داکمو بابم لەو ساتەوە تێکشکا کە قاپە گەورە چینیەکەو کوپەکانی دەوری کەوتنەخوارێو پارچە پارچە بوون. من نازانم بۆچی پێم وابوو کە ئاسوودەییەك هەیە لەسەر باڵی سووری ئەو باڵندانە. خۆشییەك لە گەڵاکانەوە دەرژایە ناو هەوای ماڵەکەمان. فێنکی ماڵی ئێمە تەنها پەیوەندی بەو بایەوە هەبوو رووبارە روون و شین و هێمنەکەی سەر قاپەکە بۆی دەناردین و خەمی رۆژانەی دڵی لەگەڵ خۆی دەبرد. لاقی باریکی ئەو باڵندانە لە کۆڵەکەو پایەکانی خانووەکەمان گرنگتر بوون بۆ بە پێوە راگرتنی ژیانمان. ئەو پیاوە دەموچاو قوپاو لاروومەت سووتاوە پارچەکانی ژیانی ئێمەو قاپە

شــکاوەکەی هەڵگرتنــەوەو خــستنیه باخــەڵی, نــا پارچــە شووشەکانی خستنە گیرفانی و ژیانی ئیمەی بەر شەق دا, وەك عفریتیك ئاسودەیی و هەناسەی ئیمەی لە دەستەکاندا زیندانی کرد. ئەو دەوریە یەك تاقە پارچەی لە ماڵی ئیمە ماوە ئەویش من بەنووکە شەقیك فڕیمدایە ژیر کەونتەرەکە. ئـەو پارچـەیە وینــەی ئـەو شــوینەی بەرکــەوتبوو کــە قــەدی دارەکــان لــە تەنکاوەکەوە رۆچووبوونە ناو قوڵایی خاکی ژیر تەنکاوەکە, واتا لەو بەشەدا قــەدی دارەکــان و بەشــیك لــە رووبارەکــە هــەبوو لەگەڵ یەکیك لە لاقە پەڕدارەکانی ئــەو ســێ باڵندەیــەی لــە بەرزی دارەکانەوە بەرەو ئاسمانی شین دەفڕین. تازە ئەو باڵندەیـە خوین بەسەر هەر شوینیکدا دەتکینیتەوە بەسەریدا بڕوات.

ئەو شەوەی ئەو پارچە شووشەم بیرکەوتەوە کــە فڕیمــدا بــۆ ژیر کەونتەرەکە، بابم تــازە لــە ژوورەکــەی خــۆی هــاتبۆ دەرێ. چوومە لای کەونتەرەکەو دەستم دریــژکردو پارچــە شوشــەکەم دەرهینا، تۆزو شتیك لە لینجایی جاڵجاڵۆکە دایانپۆشی بــوو،

جوان سڕیمەوە. لەژێر دەستمدا ئاو بریقایەوەو دارەکان ڕەنگی خۆیان هاتەوەبەر.

لەسەر ئەو پارچە شووشە، ئاو لەژێر دارەکان هێمن مەنگی خوارد بۆوە، دیارنەبوو لە کوێوە دێت و بۆ کوێ دەچێت، ئەوە دەبوو لەو پیاوە تاعونە پرسم پارچەکانی دیکەی لە باخەڵنا. هەستمکرد ئاوەکە وردە وردە بۆگەن دەکات و لەوە دەچوو بۆنی ماسی مردووش بڵاوبووبێتەوە. ئەگەر چاوەڕێم کردبا دوور نەبوو ماسیە زەردو سوورەکانی ناوی سەر ئاوکەون.

روانیمە ئەو شوێنەی خوێنە مۆرەکەی ئەو پیاوەی کەوتبۆ سەر، ئەو پیاوەی جارێک لە شەڕدا کوژرابوو، وا کوژرابوو ئێسقانی ببوو بەرەژوو. بابم چوو بوو بەدوای مەیتەکەیدا، بە قسەی خۆی ئەوکاتە هیچ نیازێکی بە گوڵە خەیاتی خێزانی نەبووە، بۆ تەعزیەی خزمان پەنجە مۆری لەسەر کتابی وەرگرتنەوەی مەیتەکەی کردووەو هەر ئەویش وەفاتنامەکەی وەرگرتۆتەوە. ئەو سەربازەی پەنجە مۆری پێکردوون, بە ئاشکرا بە هەر دووکیانی گوتبوو:

- راستە ناوێك لەسەر ئەو كتابە نووسراوە بەڵام من تەنها چەند ئێسقانێكتان تەسلیم دەكەم, بۆ من ئەو لوولاك و ئێسكانە گرینگ نیە هی كێن.

لەگەڵ بابم تابووتەكەیان لەسەر تەكسیەكی كۆن دابەستووە بە چۆڵی قوڵفەدا مەیتەكەیان هێناوەتەوەو لە چاخانەیەك لایانداوە بۆ نانخواردن. مشتەریەكان هەموویان خێرا چاخانەكە جێدەهێڵن بێ ئەوەی مەیتی ئەو پیاوە خوێن مۆرە گوشتی پێوەمابێ بۆ بۆگەن كردن.

هەر ئەو پیاوەی ئێستا من دەڕوانمە خوێنەكەی كە بەسەر بازنە قاوەیەكەی فەڕەشەكەمانەوە رەقبۆتەوە، جارێك سەنگەرێكی گڵی شێداری لەو بیابانە وشكەدا بەسەردا دەرووخێت، دەمووچاوی بە بارووتو دەرمان سووتا بوو كەچی بە قسەی خۆی دەرمانو سوتانو سەنگەری رووخاوی بەدرۆ خستبۆوە بە زیندوویی بۆ ((عەشقەكەی گەڕابۆوە))

ئەو لەو نامانەدا كە بۆ دایكمی نووسیبوو هەمیشە بە ((سەروەری من)) ناوی بردبوو. ئەو ناوەشی لە گۆرانیەكی

عەلی مەردانەوە وەرگرتبوو کە لە یەکێك لەنامەکاندا، ئەوەی دواتر لە کاتی شوشتنی ژوورەکەی دایکم تلیسایەوە تەواوی گۆرانیەکەی نووسیبۆوە(سەروەری من سوور گوڵی من) . بەڵام ئیدی عەلی مەردان مردبوو سەدای دەنگێك لەنامەکانەوە نەداهات, هەتا ئەو عەلی مەردانەی لێرو لەوێ لەناو تەکسی و عەرەبانەی میوە فرۆشەکان گوێم لێدەبێت تۆزێکی ئەوەندە قورسی لەسەرە محاڵە گوێم لێبێت و تەنگە نەفەس نەبم. نامەکان کپ کپو تۆزاوی لەناو ئارەقەو بەرپێی ئەمو ئەو دارزین.

هەر هەمان شەو کە من پارچە شووشەکە یان کەنارە تەنکاوەکەی رووبارەکەم لەبن کەونتەرەکە هێنادەرێ. بابم بەقژێکی بژ و بۆنی وەڕزییەکی زەرد تا مردن لە پشت سەری داکم دانیشتبوو قسەی بۆ دەکرد، دەیگوت:

- با هەر بڵێین ئەو منداڵانە خودا داونی بە ئێمە، بە قسەی بێ ئابڕوویەك دنیا تێکناچێ. من چاوەڕێ دەبم قسەیەك لە تۆوە

ببیستم. هیچ شەرع ویاسایەك لای من جێگای قسەیەکی تۆ ناگرێتەوە.

ئەو شەوە هەر قسەی کردو دەستە شل‌و نەرمەکانی داکمی لە دەستی خۆی گرتبوو، بابم بە بارێك مردنەوە هەستاو دەستەکانی داکمی بە هێواشی لەسەر لێواری دۆشەکەکە جێهێشت. هەر ئەو چووە ژوورەکەی خۆی، من هێواش چوومە ژووریۆو لەسەر لێواری دۆشکەکەی دایکم دانیشتم. داکم چاوە کزو مات‌و تەڕەکانی کە هەر لەژێر پێڵوە دادراوەکانی دابوون بۆ لام سوڕاندم. بێزی لە شتێك دەبۆوە کە ئەوکاتە من نەمزانی چیە، ئایا بۆن عەرەقەکەی بابمە کە هێشتا هەوای ژوورەکەی بەرنەدابوو، یان وشەی زۆڵە کەچووبووە کەلێنی خشتەکان و تەقەڵ و لۆکەی ناو لێفەکەیەوە، یان ئەو هەموو هۆنراوەو قسە سەیرو سەمەرانەن لەو نامانە نووسراون کە هێشتا هەندێکیان لەولاولا کەوتبۆون. یان دەشێ ئەوەی بێزی ئەوی هەستاندبێ من بم کە لە زۆڵ لێیەوە نزیکترم.

هێواش پارچە شووشەکەم خستە نـاو دەسـتە نەرمـەکانی، ئـەویش بۆیەکـەمجار دەسـتەکانی جوڵانـدن‌و قـەدی دارەکـان‌و ئاوەکەو لاقی سوری سێیەم باڵندەی توند لە دەستیدا کوشـی. دواتر هێواش دەستی بردە ژێر سەرینەکەی.

خەمی ئەوەم نەبوو ئەو پارچە شووشە لەژێر سـەرینەکەیدا بشارێتەوە، چونکە ئـەو ئـاوە هـەرگیز جـارێکی دیکـە هـیچ جێگایەك تەڕ ناکـات‌و دەنگیـشی نایـەت تـا خـەوی دایکـم بزڕێنێ.



## دڵی دیوارەکان

تەنها من دەمزانی شەوانە سێبەرێکی زۆر کاڵ، کاڵ هەر ئەوەندەی تەمێك وەك هەڵمی زستان لەو دیو پەنجەرەکە دەردەکەوێت. بێ جووڵە وەك پەیکەرێکی کاغەز دەوەستێ. دەوەستێت‌و هەناسە نادات. ئەوە چەند شەوە ئەو هەڵمە تەڵغ‌و لەسەر روح گرانە لەو دیو پەنجەرەکەی داکم دەبینم. ئەو

سێبەرە شوومە وەك تەم لەگەڵ سپێدەی بەیان دەڕەوێتەوە. مـن دەترسم ئەو هەموو دێـوە گـەمارۆی دایکمیـان داوە. خەریکـە هەروا لەخۆوە بگریەم.

ئاخر دایە تۆن چەند دڵت هەیە؟ چۆن ڕۆژێك لە ڕۆژان دڵت بەو پیاوە سەرتاپا مردنە داوە. من بەو سـاویلکەیەی خۆمـەوە هەزار دڵم هەبێت، کـەس کـەس نـەبێت یـەکێکیانی بـدەمێ دەیدەم بە سەگو نایدەم بەو. ئاخر ئەو دڵە ناسکەی تۆ لە کوێ دادەنێ؟ ئاخر ئەو دڵەی تـۆ کەئـەوەتا لـەناو سـینگی خۆتـدا ناحەوێتـەوە ئـەو لـە کـوێی دادەنـێ؟ دەیخاتـە ناودەسـتی پـڕ خەنجەری خوشکە عەزازیلەکەی؟ لە ناو سنگی سـەرتاپا ئـاگر وچڵکی خۆیدا دەیشارێتەوە؟ دەیخاتە ناو تابوتی سەربازەکانەوە؟ بـۆ هاوڕێکـانی نـاو سـەنگەری دەبـات؟ دەچـێتو لەگـەڵ هاوزیندانیە خوا گرتووەکانی وەك کلۆ شەکری زستان دابەشـی دەکات؟ یان دەیخاتە ناو سیپارەی ئـەو ئیمامانـەی ئـەو ژیـانی ئەزبەر کردوون.؟

ئا دایەگیان ئەو پیاوە بۆ ئەوە دەبێ دڵـی بدەیـەی. ئـا زۆر باش‌و گونجاوە ناخی دڵی پڕی بدەیەی. بەڵام دڵی تـۆ نـا، دڵـی ئەژدیهاو مار، دڵێکی بدەیەی پڕ پڕ بێت لە ژەهر. دڵێکی وەك قومبەلە لەگەڵ دەسـت لێـدانی بتەقێتـەوە. دڵێکـی بدەیـەی لەشەڕ رەشتر بێت.

دایکە سەرتاپا گریان‌و حەسرەت‌و نەخۆشەکەم من بۆ زۆڵم؟ ئاخر ئەو ژنە چۆن دەتوانێ من بکات بە زۆڵ؟ من نازانم دەشێ هەمووتان راست بکەن. من هەر لە یەکـەم رۆژەوە ئـەو پیـاوە ناوچاوان دەرپۆقیوەشم خۆش نەویستووە، با باوکیشم بێـت. زۆر زۆر رقـم لـەو مـووە ئەسـتوور مـاش‌و برینجانـەی سـەر نـاو چاوانیەتی.

وەك کلکی سەگ لە سەریەوە هێناونیە خوارێ، تـا قـۆقزی سەری بشارێتەوە. لەوەتەی هـەم پێمگوتـووە بابـە، بـەڵام مـن ئێستا زانیم هـەموو پێکەنینـە نایلۆنـەکانی بەروومـدا هـەر لەبەر خاتری هەڵخەڵەتاندنی دڵی تۆ بووە. دەنـا لـەو رۆژەوەی تۆ نەخۆشـی، لـەو رۆژەوەی ئـەو تاعونـە هاتۆتـەوە ئـەو مـن

نـــابینیێ. بەلامـــدا تیێدەپـــەڕیێو دەســـتیێك لـــە قـــژم وەرنـــادات‌و قسەیەك ناکات. ئەو پیاوەی بـــاوکی منـــە. تـــا نوێـــژی دەکـــرد ئەگەر بسکیێکت دەرکەوتایە ماڵەکەی دەکردە دۆزەخ. شەقی لە دەرگاو ئینجانەکانت هەڵدەدا. بەیانیان بەنووکە پیێ منـــی بـــۆ نوێژ بە ئاگا دیێنـــا. نـــازی خواپەرســـتیەکەی بەســـەر هاوســـیێو گەڕەکـــدا دەکـــرد. تۆڵـــەی ڕۆژوەکـــانی لـــەو کەســـانە دەکـــردەوە ڕیێگایان دەکەوتە فەرمانگەکەی. لەوەتەی بۆتە عـــەرەقخۆریش ماڵەکەی پڕکـــردوە لـــە بـــۆن، پەرداخـــەکان هیێڵنجـــی عـــەرەق دەدەنەوە.

خاولیەکانی سەر مەخسەلەکە، قاپ‌و کەوچکەکانمان هـــەر هـــەموویان بـــۆنی عـــەرەق‌و ئـــەلکهولیان گرتـــووە. هـــەتا ئاودەستەکەش، جار نیە بچمە ئاودەست‌و لەبەر بـــۆنی توونـــدی ئەو باوکە تۆسنەم‌و بۆگەنی عەرەق نەڕشـــیێمەوە. ئـــاخر دایکـــە هـــەرە ئـــازیزو نەخۆشـــەکەم بـــەچ دڵیێکـــەوە چـــوویە باوەشـــی‌و نەترسای مووە ئەستوورە کلکەکەرەکانی نیێو چـــاوانی کـــوێرت کەن.

بێگومان من بە ئاشکرا ئەو قسانەم نەدەکرد، هەر لەژێر جێگاکەمەوە لەوێش تەنها لەدڵی خۆمدا، بێ دەنگ‌و هەناسە. ئەو شەوەی بابم بە گوڕە گوڕ لە ژوورەکەی هاتەدەرێ، خۆزگە هەرگیز نەیتوانیبا دەرگای ژووری داکم بکاتەوە. خۆزگە ئەو شەوە ئەوەندەی خواردبایەوە نەیتوانیبا لە شوێنەکەی خۆ بجووڵێ. دەرگای ژوورەکەی داکمی کردەوەو هاواریکرد:

- ئەو سەگە کێیە لەبەر پەنجەرەی ژنەکەم وەستاوە. چ بێحورمەتێکە رێزی ماڵی خەڵك نازانێ؟

رووی لە دایکم کرد:

- تۆ ئاگات لەوە هەیە؟

پەنجەی بۆ سێبەرەکەی ئەودیو پەنجەرەکە درێژکردبوو. تووند بەرەورووی داکم چوو، سنگی دایکمی گرت، ئەویش وەك پەیکەرێك بێت لە پەرۆ بەدەستیەوە هات‌و بەرزی کردەوە. هەر ئاوا شلی کردو بەریدایەوە سەر جێگەکەی، من دەمویست سینگی ئەو بابە خۆپەرستەم بگرم و بەو پەڕی حورمەتەوە پێی بڵێم (رێزی ژنێکی ناخۆش ئاوا ناگیرێ) ئەو خێراتر لە من

رووی لــە ســێبەرەکەی ئــەو دیــو پەنجەرەکــە کــرد, دەســتی داهێنایــەوە مــستێك لــە شووشــەکەی داتو بەســەر کــابرادا بیهاڕێ. بــەڵام لــەپڕ شووشــەکە لــەو دیــوەوە شــریقەی کــردو ژوورەکە بۆ لە حزەیەك رووناك بۆوەو دواتر پــڕ بــوو لــە پارچــە شووشەو بۆنی بارووتو دوکەڵ. من هیچم نەدیت تــەنها گــوێم لە شریقەیەكو شکانی پەنجەرەکە بوو. هەر کە چــاوم کــردەوە، خوێن بە دیوارەکەدا دەهاتــە خــوار، رایەڵــەی خــوێنی باریــك باریك وەك ئەوانەی لە نەخــشەی پــڕ وردەکــاری مێــشکدا بــۆ قوتابییــانی بەشــی پزیــشکی دروســت دەکــرێن بــە رووکــاری گەچەکەدا شۆڕدەبۆوە، بەڵام خێراو گەرم. ئا، بــابم لــە ناوەنــدی ژوورەکە لەسەر رووکەوتبوو، ئــەرزی ژوورەکــە هــەموو ببــووە خوێن. خوێن ئەو نامانەی شەڵاڵ کــرد بــوون کــە گەلاوێــژخان فڕێیدابوونە سەر سنگی دایکمو هێــشتا لــەو لاولای ژوورەکــە کەوتبوون. ئەو شەوە بــابم بیجامەیــەکی شــینی خــەت خــەتی لەبەردابوو. لەتەختی ژوورەکە کەوتبوو، دەستی چەپی، ئــەوەی کە کاتژمێرە ستیزنە زەردەکەی تێــدابوو ئەوەنــدە درێــژکردبوو


خەریك بوو دەگەیشتە سەر دۆشکەکەی داکم. ئەو مانی لە هەناسەدان گرت. بۆ هەمیشە دەنگو گورەی برا. تەنها بۆنێکی قورسی عەرەقو بەستەیەك سیواوکی لەدوا بەجێما.

ئێستا ماڵەکەمان پڕ بووە لە پۆلیس. پۆلیسەکان بەلاقە گەورەو عەقڵە بچووکەکانیانەوە بەناو خوێنی باوکمدا هاتووچۆیان بوو. راڕەو و ژووری نووستنو حەشەو ئەو بستە چیمەنەی هەمان بوو هەمووی جێپێی بە خوێنە. لێواری بەتانیەکەی من، لچکی خوارێی پێیەکی گەورەی خوێن لە سەری هەڵکەندراوە.

ئەگەر بە تانیەکە بشۆی یان هەتا بیشی سوتێنی ئەو خوێنە نارڕوا. ماڵەکە دەڕواتو خوێنەکە دەمێنێتەوە,من دەڕۆم و لە ماڵ و شار و وڵاتە نامێنم, چەندان نوێنی دیکە کۆن دەکەم و دەیان بەتانی تازە دەکڕم جارێ بەخۆم دانەداوە, جارێ نەرمی موو و لووسیەکەیم نەکردووە لچکەکانی هەڵدەدەمەوە و بەدوای شوێن پێی پۆستاڵێکی گەورەی بەخوێن دەگەڕێم.

هیچ کەسێك ماڵێك بەهی خۆی نـازانیٚ پۆلیـسەکان لـەو سەر بۆ ئەوسەر غار غارێنی تێدا بکەن و سـەلام قـووت لـەو ژوور بۆ ئەو ژوور دەنگ بداتەوە. پۆلیسەکان هێشتا پرسیاریان لە کەس نەکردوە، هێـشتا تەرمەکـەیان هەڵنـەگێڕابۆوە, لـە نێوان خۆیاندا باسی گران بـوونی گۆشـت و نـەمانی بـەنزین و مۆڵەتی لە دایك بوونی ژنـەکانیان دەکـرد. بـابم لـە ناوەنـدی ژوورەکە دەمەوروو کەوتبوو. یەکێك لە پۆلیسەکان چـووە ئـەو دیوو، وەك تارماییەکەی شـەو لـەو دیـو پەنجـەرە شـکاوەکەوە وەستاو، تۆزێـك بەسـەری پەنجـە باریکـەکانی دەسـکاری ئـەو شووشانەی کرد کە هێشتا بە لێـوار پەنجەرەکـەوە مابوونـەوە. ئەویدیکـەیان بـە وردی روانییـە ئـەو دەزووە خوێنانـەی بـە دیوارەکانەوە نووسابوون. تەرمەکە وەردەگێڕنە سەر روو، شـلٚپ دەسـتی چـەپی دەکەوێتـە نـاو خوێنەکـەی خۆیـو، پـانتۆڵی ئەفسەرەکە بە خوێنی بابم پـیس دەبێـت. مـن نـاوێرم سـەیری دەموچاوی کـەم و خوشـکەکەم قیژەیـەکی توونـد دەکـات وەك خەنجەر دڵی دیوارەکان و گوێی گەڕەك کون دەکات.

داکم وەك ئەو کـانزا سـورانەی ئیـدی ناسـوتێن کـپ کـپ کەوتووە. چەندان دڵۆپە خـوێنی ورد وەك ئـەو خاڵـە وردانـەی سەرو چاوی ئەو کچە کاغەزیە ئەوروپایانەی هەرگیز هەتاویان لێنادات کەوتوونە سەر رووممەتی. ئەو وردە خوێنانە بەرووویەوە وشك ببوونەوە، مێشەکان لەسەری دەنیشتنەوەو سواری یـەکتر دەبوون.



## دەفری جادوویی

لەو رۆژەوەی تەرمی بابمیان بردە دەرێ، فـەزای ماڵەکـەمان وەك لە چیمەنتۆیەکی رەش رەش گیرابێتو تەنها ئێمە مۆڵەتی ئەوەمان هەبێت بـە ناویـدا تێپـەڕینو هەناسـەبدەین، کـەس کـەس، هـەر هـیچ کـەس نەدەهاتـە ماڵەکـەمان. چـۆلەکەو پەرسێلکەکانیش نایەنە ناو حەوشەکەمانو پەپوولەو هەنگیش

بەسەر گوڵەکانی باخچە بچووکەکەمانەوە نانیشنەوە. ئەگەر شەوێك برسیم بێت‌و هێلکەو رۆنێك بکەم، پێش ئەوەی کەوچك بگەیەنمە هێلکە سوورەوەبووەکە، چەند دڵۆپە خوینێك لەوانەی وەك خاڵ پرژانە سەر روومەتی دایکە نەخۆش‌و غەریبەکەم دەکەونە سەر سپیەنەی هێلکە گەرم‌و گورەکەم‌و منیش هێڵنجم دێتێ.

چۆن ماڵی ئێمە ببووە چیمەنتۆ و بەرد بۆ خەڵك، هەروا ماڵی هاوسێکانمان‌و گەرەك‌و تەواوی شارەکە، کۆلان‌و شەقامەکانی، دوکان‌و قەیسەریەکانی بۆ من‌و خوشکە هەر مەرگ‌و گریانەکەم ببووە ئاسن. ئاسنی ئەستووری ئاگر نەبڕ. لەو دیو ماڵی ئێمەوە هەوا ئاسن رێژ بوو. هیچ درێل‌و قەڵەمێکی کارەبایی‌و موشاری ئاسنبڕو هەناسەیەکی گەرم پێی نە دەبڕدرا. ئێمە وەك دوو حەرامزادە، وەك زۆڵ تامی خیانەت‌و بۆنی شەهووتبازی‌و کفرو ئیلحادمان لێدەهات. ئیدی لەو رۆوە هیچ هێزێك نیە بتوانێ هەواڵی ئەو ماڵە، ئەو دوو حەرامزادەیە بەناو ئاسندا بۆ کەسانی دیکە بگوازێتەوە.

دوا شوێنەواری داکم کەدوا جار دەستی لێدابێت لەو ماڵەدا پارچە شووشەیەکە، کە من لەگەڵ چەند وێنەیەکی کۆنو زەردەوە بوو خستوومەتە ناو ئەلبوومە هەر کۆنەکەی خۆیەوە. ئەو ئەلبوومەی رۆژێك لە رۆژان بەرگەکەی قوماشێکی مەخمەڵی سووری نەرمونۆڵ بووەو لەکاتی کردنەوەدا زەنگێکی ئارامی لێداوە. ئەو زەنگە ئاسوودەیی‌و جوڵەی دەخستە سەر رووخساری وێنەکانو ئەو کەسەی تەماشای دەکردن. ئیدی نە ئەو زەنگە لێدەداتو نە وێنەکانیش بۆ ئەوە دەبن ئاسوودە یان نیگەرانو دڵتەنگ بن.

ساڵی جارێك دەچینە سەر گۆڕی داکمو لەو بێدەنگتر بەرانبەر کێلەکانی دەوەستین. لە گەڕانەوەدا هێواشتر لەوەی بابم پێبزانێ یان هەستم پێبکات بەلای گۆڕەکەیدا تێدەپەڕم. من زۆر بە نهێنی‌و دڵەڕاوکێوە لە کێلەکەی بابم نزیك دەبمەوە ئەوەندەی لێوم بگاتە کێلکە ماچێکی دەکەم.

ئێستا ئەوە چوار ساڵ تێدەپەڕێ بە سەر مردنی داکمداو من نەهاتوومەتە ئەو گۆڕەستانە. دەمێکە نەهاتووم و ئەو

چەند مووەی بەسەرمەوە ماوە بەو گەرمایە بەسەر ناو چاوانمدا شۆڕ بوونەوە, هەست بە جۆگەلەی عارەقە دەکەم بەلا ملمدا دێتە خوارێ, هەر لە دوورەوە دەبینم گژو گیاو دڕكو داڵی وشك سەر قەبرەکانی داپۆشیوە. بەلای گۆڕی بابمدا تێدەپەڕم گوێم لە دەنگی قوڵپەی رشتنی عەرەقە. ئەو یەك لەسەریەك بوتڵەکان هەڵدەپچڕێ ئەوەی دەیخواتەوە دەنا ئەوەی دیکە قوڵپ قوڵپ دەکاتە ژێر ئەو دارانەی ئاوەکەی بنیان بۆگەنی کردوەو گەڵاکانیان هەر بە سەوزی رەق بوونو وەك نایلۆن بەلقەکانەوە نوساون. من حەزدەکەم گوێ لەو قوڵپە قوڵپە نەگرمو وێنەی بابم وەك ئەو رۆژ بێنمە بەر چاوم کە چوو بووین بۆ سەیرانو منو بابم بە قولاپ ماسیمان دەگرت، کاتێك ماسیەکان لە دەستمان دەردەپەڕینو دەکەوتنەوە ناو حەوزەکە دەیگوت:

((بەگونی تۆ)).

دایکم بە هەمان هێمنیو نەخۆشییەوە کە دەستە شلەکانی لەسەر لێواری دۆشەکەکەی درێژ دەکرد. لەناو گۆڕەوە چاوەڕێم

دەكات. سەیرە نە تەماشام دەكاتو نــە چـاو هەڵـدەبڕێ. ئــەو قسەی خۆم بیردەكەوێتەوە كە گوتم:

((دایكە چۆن دڵت داوە بەو پیاوە هەر دوكەڵە))

((راستە ئەو پیاوە بۆ ئەوە دەبێ دڵی بدەیەی بەڵام دڵێك پڕ لە ژەهر))

لە نێوان گیاو قامیشە وشـكە بـاڵا بەرزەكانــەوە، لەسـەر كێلەكـەی گـۆڕی داكـم بریـسكەیەك دەبیــنم. ئـای خودایــە خۆشەویستی چەند خیانەتكارە, ئەوە چ دەبینم.!

دەبینم ئەو دەوریەی كە لە ماڵی ئێمە مێژوویەكی هەبوو. دایكم كێكی گـەرمو سـوورەوەبووی دەخـستەسەر، بـێ ئـەوەی باڵندە باڵ سوورو مل سوورەكانی سەری بسوتێن یان لە فـڕین بكەون. ئەو دەوریەی لە یەكـەم رۆژی نەخۆشـیەكەی دایكمـدا بەربۆوەو پارچە پارچە بوو. هەمان ئەو پارچـانەی سـەیفەدینی دارتاشی نامۆبـارەك هەڵیگرتنــەوەو بـابم دەیویـست وەك زبـڵ فڕێیاندا.

بەڵێ ئەو پارچانە کرابوونەوە بە دەوریەکەی جارانو لەسەر کێلەکەی دایکم چەسپکرابوون. ئەو باڵندانەی کە من هەر لە منداڵییەوە ناوم لێنابوون شوومینکا کە زیاتر لە فلامینکۆ دەچوون. بە باڵی سوورەوە بەسەر دارستانو شاخو دۆڵەکەدا دەیانڕوانی. هەر لەو وێنەدا شووشەیەی کە بە کێلەکەی دایکمەوە چەسپکرابوو، دارسپیدارەکان، بەرزو رێك خەریك بوون دەگەیشتنە باڵندەکان. راستە ئەو سپیدارانە دەمێك بوو ئاویان نەخواردبۆوە، بەلاّم هێشتا ئەوەندە وشك نەببوون بشکێن. وێنەی دەوریەکە تەنها پارچەیەکی ناوەندی کەم بوو. ئەو شوێنەی قەدە دارە ئەستوورەکان رۆچووبوونە ناو کەنار ئاوی کەنارەکە.

هەر زوو گەڕامەوە ماڵێو لەناو ئەلبوومە کۆنەکەی دایکمدا ئەو پارچە شووشەم دەرهێنا کە دایکم تا دوا رۆژی ژیانی لەژێر سەرینەکەی دانابوو. ئەو شووشەیەی کە تەنها باوکم بە زیلی دەزانی. هێنامو چەسپاندمە شوێنە بەتاڵەکەی خۆی لەسەر کێلەکەی گۆڕەکەی دایکم.

من باوەڕم بە سیحرو جادوونیە، من لە هەزارەی سێیەمدا دەژیم، بەڵام هەر کە پارچە شووشەکەم خستەوە شوێنی خۆی، لەبەر چاوی من باڵندەکان دایانەوە لە شەقەی باڵو سپیدارەکان گەشانەوەو بایەك هەورەکەی پێش خۆی داو گژو گیای وشکەوە بووی سەر گۆڕەکەی داکم سەوز بۆوەو تەلیسمی ئاسنڕێژی شار بەسەریەکدا تەپیو کوڕانی گەڕەك رژانەوە ماڵمان. تەواو وەك ئەو فیلمەکاتۆنانەی بۆ مندالآن دەکرێن ڕەنگ وەك ئاو بەهێزێکی سیحری هەموو ژیانی داپۆشی. منیش تەنها ئەوەندەم گوت.

- ئای خۆشەویستی چەند لە خیانەتەوە نزیکی ئەوەندەش لە ژیان.

**١٥ی تەمووزی ٢٠١١**

**هەولێر**

## له بلاۆكراوەكانی یەكێتیی نووسەرانی كورد/ لقی هەولێر

| ز | ناوی کتێب | نووسەر | جۆری کتێب |
|---|---|---|---|
| ١ | كارو چالاكی ٢٠٠٨ | یەكێتیی نووسەرانی كورد/لقی هەولێر | كارو چالاكی بەرگی یەكەم |
| ٢ | كارو چالاكی ٢٠١٠ | یەكێتیی نووسەرانی كورد/لقی هەولێر | كارو چالاكی بەرگی دووەم |
| ٣ | پیاسەی ئێوارانی هەولێر/٢٠١٠ | خالید جووتیار | شیعر |
| ٤ | اللعنة/٢٠١٠ | سعدوللە پەرۆش و. محمد طه حسين | شیعر |
| ٥ | پاییز پیاوێكی رۆمانسییە/٢٠١١ | زیادر نادر عالّلاّیی | شیعر |
| ٦ | نامە عاشقانەكانی پەیامبەرێك/٢٠١١ | و. جەلیل عەباسی | چیرۆك |
| ٧ | رێی تاوسان/٢٠١١ | نەوزاد رەفعەت | شیعر |
| ٨ | ئەزموونێكی تایبەتی لە رۆژگارێكی نووسیندا | ئازاد عەبدولواحید | هەڤپەیڤین |
| ٩ | ئەو باڵندە فڕیوانەی كە زبڵن/٢٠١١ | جەبار جەمال غەریب | رۆمان |